**پژوهشنامه ادبیات کردی** دوره پنجم، شماره ۸، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

# ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی:
# توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمان

**موحسێن ئەحمەد عومەر**[I]

پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

تاریخ دریافت: ۱۹ دی ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۲۲ اسفند ۱۳۹۸؛ صص ۱۶۷–۱۹۷

## کورتە

ئەم باسە توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکییە لە بارەی پێنج ڕۆمانی کوردی کە لەم ساڵانەی دوایی بڵاوبوونەتەوە: *میرنشینی خاك و خۆڵ*، نەبەز گۆران (۲۰۱۷)؛ *پاسەوانانی خودا*، عەتا محەمەد (۲۰۱۹)؛ *سەردەمی گریانی بەلقیس*، جەبار جەمال غەریب (۲۰۱۸)؛ *یاداشتی عەتر و ئاگر*، بەیان سەلمان (۲۰۱۸)؛ *دەریاس و لاشەکان*، بەختیار عەلی (۲۰۱۹). ئەم ڕۆمانانە بێ هیچ گومانێك دەشێ نوێنەرایەتیی ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخی کوردی بکەن، هەڵبەت لە پاڵ زۆر ڕۆمانی تری هاوشێوە. لە بەشی یەکەمدا باس لە سەرهەڵدانی ڕۆمان دەکرێ لە ئەدەبی جیهانی، بە تایبەتی ئەدەبی فرانسی، پاشان ئەم ئەزموونە بەراورد دەکەین بە ئەزموونی ڕۆماننووسیی کوردی. ڕۆمانی کوردی لە چاو ڕۆمانی ڕۆژئاوایی بە گشتی و ڕۆمانی فرانسی بە تایبەتی، مێژوو و ئەزموونێکی دوور و درێژی نییە، لە ڕوانگەی ئێمەوە تەواوی سەدەی بیستەم بە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی لە قەڵەم دەدرێ، سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم سەردەمی ڕۆمانی نوێی کوردییە کە دەشێ بە زۆر شێوە و شێواز هەموو تایبەتمەندییەکی ڕۆمانی تێدابێ بەو شێوەیەی لە جیهاندا ناسراوە. بەشی دووەم تایبەتە بە پێشینەی توێژینەوە، بەو نووسین و سەرچاوانەی پێشتر ئەنجام دراون، هەڵبەت ئەمانەش مێژوو و کاریگەریی دیاریکراوی خۆیان هەیە. بەشی سێیەم تایبەتە بە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی و پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمانی ناسراوی کوردی کە دەشێ ببنە ڕۆمانی مۆدێل لە ئەدەبی کوردیدا.

**وشەگەلی سەرەکی:** ڕۆمانی کوردی؛ مێژووی ڕۆمان؛ گێرانەوە؛ ڕەخنەی پراکتیکی؛ ئەدەبی نوێ؛ شیکاریی ڕۆمان

## چکیده

این مقاله تلاشی است در جهت ارائه‌ی خوانش عملی پنج رمان کردی که در چند سال اخیر منتشر شده‌اند. رمان‌ها عبارتند از: *گرد و خاک*، نبز گوران (۲۰۱۷)؛ *نگهبانان خدا*، عطا محمد (۲۰۱۹)؛ *عصر گریه بلقیس*، جبار جمال غریب (۲۰۱۸)؛ *یادداشت عطر و آتش*، بیان سلمان (۲۰۱۸)؛ *دریاس و جسدها*، بختیار علی (۲۰۱۹). این رمان‌ها می‌توانند نماینده رمان نو و معاصر کوردی باشند، البته با در نظر گرفتن رمان های دیگری از این دست. در بخش اول، پیدایش رمان در ادبیات جهان، به ویژه ادبیات فرانسه را بررسی می کنیم سپس این سابقه را با تجربه رمان‌نویسی کردی مقایسه می‌کنیم. رمان کردی در مقایسه با رمان های غربی به ویژه رمان فرانسوی، سابقه و تاریخ چندان مفصلی ندارد. از نگاه پژوهش حاضر، سده‌ی بیستم، دوره پیدایش و گسترش رمان کردی قلمداد می‌شود که می‌بایست همه‌ی ویژگی‌های رمان را همان گونه که در جهان شناخته شده است داشته باشد. بخش دوم خوانشی نقادانه و تحلیلی انتقادی و عملی از پنج رمان برجسته‌ی کردی است که این ظرفیت را دارند به عنوان رمان مدل در ادب کردی شناخته شوند.

**واژگان کلیدی:** رمان کردی؛ تاریخچه رمان؛ روایت نقد عملی؛ ادبیات نوین؛ تحلیل رمان

---

[I] mohsen_ahmadomer@yahoo.fr

## ۱- پێشەکی

سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردی وەک ژانرێکی رۆژئاوایی و نوێ پەیوەندی بە نوێخوازی و نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردییەوە هەیە، سەردەمی ئەم نوێبوونەوەیەش لە ڕوانگەی ئێمەوە تەواوی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، بەو مانایەی کۆمەڵی کوردی هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەکەوێتە ناو ئەم نوێبوونەوەیە، دیاردە و نیشانەکانیش لە ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی دەردەکەون، وەک نوێبوونەوەی شیعر و نوێبوونەوەی زمان و سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پەخشان بە کۆمەڵێک فۆرم وەک وتار، چیرۆک، خاتیرە، وتاری رەخنەیی، پاشان گواستنەوە لە فۆرمی شیعرەوە بۆ پەخشان کە پەیوەندی بە سەرهەڵدانی گێڕانەوەی نوێوە هەیە وەک رۆمان، بۆ خۆی یەکێ لە نیشانەکانی نوێخوازییە، لە هەمان کات وەک سەرهەڵدان و لە دایکبوونی تاکەکەسیی کوردیش[1] لە قەڵەم دەدەرێت، بەو مانایەی ڕۆمان بۆ خۆیشی نیشانەی فۆرمێکی ئەدەبی تاکەکەسییە و ئەدەبی پێش سەرهەڵدانی فۆرمی ڕۆمان ئەدەبی کۆمەڵانی خەڵک و ژیانی بەیەکەوەییە، ئەمەش بەیت و حەماسە و فۆرمە کۆنەکانی گێڕانەوە دەگرێتەوە. (لویی رەی،[2] 1992: 6)

لەم روانگەیەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین لە بەشی یەکەم باس لە رۆمانی کوردی بکەین وەک سەرهەڵدان و گەشەسەندن، پاشان کورتەیەک لە گەشەسەندنی رۆمانی فرانسی پێشکەش دەکەین وێڕای بەراوردکردنی بە ئەزموونی کوردی، ئەگەرچی ئەم دوو ئەزموونە لە ڕووی دەوڵەمەندی و جۆربەجۆرییەوە کە ڕۆمانی فرانسی پێیەوە ناسراوە، هەمان ئاست و پێگە و ئەزموون لە ئەدەبیاتی کوردی نادۆزرێتەوە، لەگەڵ ئەمەش هەندێ پێکچوون و لێکچوون هەیە و دەشێ ببێتە بواری کار و بیرکردنەوە و توێژینەوە. بەشی دووەم تایبەتە بە پێشینەی توێژینەوەکان یان دەتوانین بڵێین تایبەتە بە بەشێک لە بیبلۆگرافیای ڕۆمانی کوردی، وێڕای ئاماژەیەکی خێرا بە ئامانجی توێژینەوەیان کە بۆ ئەم توێژینەوەیە بە سوود بوونە، لە بەشی سێیەم خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمانی کوردی پێشکەش دەکەین کە دەشێ لە ڕووی ئاستی ئەدەبی و هونەری و قورسایی کاریگەری فیکری و شێوازی نووسینیان ببنە مۆدێلێک بۆ ڕۆمانی کوردی، ئەو بوارانەی بابەتی توێژینەوەن بریتین: لە گێڕانەوە، ڕووداو، فەزا و خەیاڵ، وەسف و دیالۆگ و کەسایەتییەکان. پاشان یەکێ لە ئامانجەکانی دیکەی ئەم توێژینەوە، پێشکەشکردنی نموونەیەکە لە لێکۆڵینەوەی رەخنەی پراکتیکی لە روانگەیەکی نوێ و بابەتیانە، کە لە ئەدەبیاتی ئێمە هێشتا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

---

[1] Individualisme.

[2] Louis Rey.

**٢ـ ڕۆمانی کوردی: سەرەتا و گەشەسەندن**

ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا بە فۆرمە هاوچەرخ و جیهانییەکەی کە پێیەوە ناسراوە جۆرێکی ئەدەبی نوێیە و بەرهەمی سەدەی بیستەمە، بەڵام لە ئەدەبی جیهانی بە گشتی، ڕەگ و ڕیشەکانی، وەرچەرخانی لە شیعرەوە بۆ پەخشان، تا سەدەی سێزدەم درێژدەبێتەوە، بەڵام بە گشتی سەرەتای ڕۆمانی نوێ وەک گۆڕان و وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵ، جیاواز لە ڕابردوو، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنێسانس، بە زۆر شێوە و شێواز، ئەم سەرەتایە لەگەڵ سێرڤانتێس (١٥٤٧-١٦١٦) و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی *دۆنکیخۆتێ* (١٦٠٥- ١٦١٥) دەست پێ دەکات، لەم ڕۆمانەدا هەموو شتێک نوێیە وەک ئایدیا و زمان و فەزا و شوێن و گێڕانەوەکان:

> میرزایەکی سوارچاک، بە مەبەستی شایان لێنان و پیشاندان و نرخاندنی ئیدیالی خۆشەویستی و بەرگری لە چەوساوان، ڕوو لە دەشت و دەر دەکا، دەچێتە سەر ڕێگاوبانە گەورەکان بۆ گەڕان بە دوای ئەڤانتور و نمایانکردنی پاڵەوانییەکانی خۆی، بەڵام ئەو نازانێ دنیا گۆڕاوە، هەموو ئەڤانتور و لاملییەکانی چروک و بێ مانا دەکەونەوە، لەمەوە هەست دەکەین خەونەکانی مرۆڤ ناتوانن دنیا بگۆڕن، بەڵام دەتوانن کاریگەرییان هەبێ، دەتوانین بڵێین ڕۆمانی نوێ لە دوو لەتبوونی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵ لە دایکبووە. (٣)

ئەمە سەرەتایەکی زۆر ڕوونی ڕۆمانی نوێی سەرەتای سەردەمی ناسراو بە «سەردەمی مۆدێرن»ە کە لە ڕێنێسانسەوە دەست پێدەکات، بەڵام بە گشتی ڕۆماننووسی مێژوویێکی کۆنتری هەیە، لەم ڕووەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکان، ئەم ڕەگ و ڕیشانەش پەیوەندییان بە گێڕانەوە و دەرکەوتنی فۆرمی پەخشانەوە هەیە. بێگومان دەشێ گێڕانەوە وەک شێوازێکی ئاخاوتن، سەرەتا و بەراییەکانی لە مێژووی مرۆڤایەتی بزربێ، بەڵام وەک گێڕانەوەی ئەدەبی لەگەڵ داستان و حەماسە شیعرییە ناسراوەکان لە ئەزموونی ئەدەبی و هونەری مرۆڤایەتییەوە دەست پێدەکات، وەک داستانی گەلگامش بۆ نموونە لە مێژووی کەونارای مێزۆپۆتامیا، سەرەنجام: «ناوی ڕۆمان دەدرێتە ئەو نووسراوە درەنگانەی دوای حەماسەکان وەک *ئیلیادە* و *ئۆدیسە* کە گرینگییان بە ژیانی تایبەتی کەسایەتیەکان دەدا وەک لە باسکردنی مێژوو، لەم هەڵکەوتەی ژیانی تایبەتی تاکەکەس، خۆشەویستی زۆربەی جار بابەتی سەرەکی بووە ئەگەر تاقە بابەت نەبووبێ» (٤).

دەشێت ئەم ڕوانینە بەسەر ئەزموونی ئەدەبی کوردیش پەیڕەو ببێ، کە ڕۆمانی نوێ وەک فۆرمێکی پاش حەماسە و بەیت و شیعرە چیرۆکییەکان بێ، لە ئەدەبی کوردیش وەک ئەدەبی جیهانی، بە گشتی لە ئەدەبی تەواوی میللەتانی ئێرانی، ڕەگ و ڕیشەی گێڕانەوە کۆنە، سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوە لە فۆرمی کۆنی حەماسە و بەیت و شیعری چیرۆکی و شانامەکان:

> هەرچەند گێڕانەوەگەلی جۆراوجۆری ژانری ئەدەبی شانامە لە ژێر ناونیشانگەلێک وەکوو ڕەزم نامە و جەنگ نامە...هتد، لە پانایی فەرهەنگی کوردزمانانلدا لە هەموو شوێنێکی جوگرافیایی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوونی هەبووە و نموونەگەلێک لە گێڕانەوەکانی شانامە لە ئەدەبی سۆرانی، دیملی و کورمانجیدا هەیە، بەڵام گرینگترین ناوەندی پاراستنی گێڕانەوەکانی شانامە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئەدەبی گۆران لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە. (چەمەن‌ئارا، ۱۳۹۵: ۱۷)

هەر لەم بارەیەوە، سەبارەت بە سەرەتاکان و دەرکەوتنی فۆرمی شیعر و شیعری چیرۆکی یان حەماسە، عەزیز گەردی پێی وایە «پاشان کە شیعر بوو بە دوو بەش: شیعری لیریکی و شیعری چیرۆکی، شیعری لیریکی بۆ چڕین و شیعری چیرۆکی بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهات بەکار دەهات» (گەردی. ۱۹۹۹: ٦۹).

> بە شێوەیەکی دی هەر لە بارەی ڕەگ و ڕیشەکانی ڕۆمان لە کۆندا دەتوانین بڵێین فۆرمی ڕۆمان زیاتر بە پێی هەندێ کردەی ئەدەبی گەشەی سەندووە کە پێشتر خۆی ئەدەبی بووە، چونکە، لەگەڵ هەندێ لە پڕاکتیکی کولتووری ئەو سەردەمە تێکیان کردۆتەوە. فۆرمی ئێپیک و گێڕانەوەی مێژوویی بە پان و بەرینی وەک بنچینەیەک بوونە بۆ ڕۆمان، ئەمانەش: واتە ئێپیک و گێڕانەوەی مێژوویی یەکتریان تەواو کردووە، لە ناو دۆنکیخۆتێ بەر یەکتری کەوتوونە، تێیدا "گێڕانەوە لەناو گێڕانەوە یان سەربردە لەناو سەربردە"دا هەیە و ئەمەش زۆر دووبارە بۆتەوە. (نووریسیە،[1] ۱۹۹۷: ٦۱۸)

هەر لە بارەی ڕەگ و ڕیشەکانەوە، ڕینێ ویلیک پێی وایە ڕۆمان «دوا فۆرمی باڵای ئەمڕۆی حەماسەیە، شانۆش ڕوویەکی دیکەی ئەم دوا فۆرمەیە» (وێلێک،[2] ۱۹۷۱: ۲۹۸). ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم فۆرمە کۆنە وەک ئەزموونی ڕۆماننووسیی لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی لە سەدەی دوانزەمەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی *دۆن کیخۆتێ*-ی سێرڤانتێس، لەم ماوە دوور و درێژەدا، کۆمەڵێک هۆکار و کاریگەری لە پاڵ پێشکەوتن و گۆڕانەکان لە فۆرمە ئەدەبییەکان هەبوونە کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە گەشەسەندنی ڕۆمان «وەک دەوڵەمەندبوونی سەردار و فیۆداڵە گەورەکان لە ڕووی دارایی و دەستەڵاتەوە، زۆربوونی کاریگەری ژن لەناو کۆمەڵ، گەشەسەندنی ژیانێکی تری پڕ لە ئەدەب و پڕ لە سۆز و بەیەکەوە ژیان، هەموو ئەمانە ئەو مەرجانە پێکدەهێنن کە هەر لە سەدەی دوانزەمەوە فۆرمێکی ئەدەبی دی سەرهەڵبدا کە ڕۆمانە، لەمەشەوە هەست بە هەستیاری ژیانی ڕۆحی و سۆزی زۆرتر دەکرێ کە لە حەماسە و داستانەکان دەدۆزرێتەوە، لە هەمان کات هەست بە ڕۆشنگەری زیاتر و ڕوحانییەتی زۆرتر دەکرێ» (لویی ڕەی، 1992: 6).

---

[1] Nourissier.

[2] Wellek.

لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی تا سەرەتای سەدەی سێزدەم ڕۆمان بە شیعر دەنووسرا، هەمان ئەزموون لە ئەدەبی کوردیش هەیە، کە تا دەرکەوتنی پەخشان و دەوڵەمەندبوونی پەخشانی کوردی و بڵاوبوونەوەی یەکەم چیرۆک، وەک بۆ نموونە *لە خەوما*ی جەمیل سائیب، لە سەردەمێک کە کۆمەڵی کوردی کەوتبووە ناو وەرچەرخانێکی خێرا و ئەدەبیاتی کوردیش لەناو پڕۆسەیەکی گۆڕان و نوێبوونەوە بوو، پێش ئەم مێژووە هەموو گێڕانەوەیەک لە کۆندا بە شیعر بووە، ئەمانەش لە فۆرمی جیاجیا بوونە، وەک داستانی شیعری، حەماسەی شیعری، فۆرمی بەیت و مەسنەوی و هیتر. نموونەش بۆ ئەمە لە ئەدەبی کوردی زۆرە. سەرهەڵدانی پەخشانیش هەر لە خۆیدا نیشانەیەکە بۆ وەرچەرخان و گۆڕینی ڕوانین و بیرکردنەوە و پێویستی ڕۆشنگەری و کولتووری زیاتر، بە چەشنێکیش سەرەتایەک بووە بۆ سەرهەڵدانی تاکەکەس، ڕۆمان بۆ خۆی واتە فۆرمی ئەدەبی تاکەکەس، فۆرمی سەردەمی نوێ و نوێبوونەوەکان، لێرەوە« کردە و ئامانجی ئەم جۆرە ڕۆمانە (فۆرمی کۆن) بە مەبەستی پیشاندانی ژیانی گشتی بووە، ژیانی بەیەکەوەیی،[1] هەرچی ڕۆمانی نوێیە، گەڕانەوە بووە بۆ ژیانی تاکەکەس، پیشاندانی ئەڤانتور و سەرکێشییەکان، کە پاڵەوان تیایدا زیاتر ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، کەمتر لەگەڵ ئەو نرخ و بەهایانە دەگونجێ کە کۆمەڵ پێی دەبەخشی» (هەمان).

سەرئەنجام ئەم گەشەسەندنە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێن و ناکۆکی لە کەسایەتی، ئەمەش وەک «شکان لە نێوان خواست و ئاواتەکانی تاکەکەس و هەقیقەتی جیهان دەبینرێ بەو شێوەیەی لە *دۆن کیخۆتێ*ی سێرڤانتێس» (هەمان) لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا پیشاندراوە. کەواتە ڕۆمان جیاوازە لە مێژوو و لە هەموو فۆرمەکانی بەرایی خۆی، ڕۆمانی نوێ دەیەوێ هەقیقەتێک بگێڕێتەوە ئەگەرچی ئەم هەقیقەت گێڕانەوەیەش لە بنچینەدا پشت بە گێڕانەوەی مێژوویێک دەبەستێ. رینیێ ویلیک پێیوایە «ڕۆمان مێژوویێکی خەیاڵییە« (وێلێک، ١٩٧١: ٣٠٢). بە ڕای میخایل باختین، ڕۆمان لە مێژووی نوێ و ئەزموونی ئەدەبی نوێی مرۆڤ ئەو ساتە لە دایکبووە و دەرکەوتووە کە لە «گێڕانەوەی حەماسە فۆرمێکی دی گێڕانەوە سەری هەڵداوە کە مرۆڤ لەناو بوونی، ڕووی لە ئایندەی خۆی بووە، بەو مانایەی حەماسە فۆرمیک بووە ژیانی رابردووی پیشانداوە« (لویی رەی، 1992: 4). بەڵام ڕۆمانی نوێ بەو فۆرمەی ئەمڕۆ پێی ناسراوە کە دەبێ کۆمەڵێ تایبەتمەندی گێڕانەوەی تێدا بێ وەک وەسف و گێڕانەوە و بگێڕەوەی[2] سەربەخۆ و بگێڕەوەی پاڵەوان و دیالۆگ و دیالۆگی وەسفی و گرێ و ڕیتم و ڕووداو و تاکدەنگی و فرەدەنگی و گۆشەنیگا و شێوازی جیاجیای نووسین و زۆری تر، فۆرمێکە تایبەت بە مرۆڤی نوێ،

[1] La vie collective.
[2] Le Narrateur.

کە ژیانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەخاتەڕوو، زیاتریش ڕووی لە ئاییندەیە. هەر لە ڕوانگەی میخایل باختینەوە، لەلای ئەو فرەزمانی،[۱] و دیالۆگ یان دیالۆگیزم، ناوەڕۆک و جەوهەری ڕۆمان پێکدەهێنن. ئەمەش هەردەم وەک جۆربەجۆری دەردەکەون، وەک چۆن لە ڕۆمانەکانی رابلێ و دیکنز و زۆری تری ئەم جۆربەجۆرییە دەبینرێ، کەواتە ڕۆمان فۆرمی نوێی ئەدەبی مرۆڤی نوێیە (هەمان: ۵).

باختین پێی وایە ڕۆمان چوارچێوەیەکە کۆمەڵێک دەنگ و گوتاری[۲] جۆربەجۆر کار لە یەکتری دەکەن و ئەمانە هەموویان وەک بلێی لە دیالۆگێکدان، کاریگەرن بە کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتی جۆربەجۆر لە چینی کۆمەڵایەتی جیاواز و بەرژەوەندی گروپ و هی دیکە. لەلای ئەو ویستی تاکەکەس لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە بەرهەمهێنانی گوتاری ئەدەبی و نائەدەبی لە یەک کاتدا. بەڵام قووڵبوونەوە و دەوڵەمەند بوون و پێگەیشتنی فۆرمی ڕۆمان بە شێوە هاوچەرخەکەی، یان وردتر بە شێوە مۆدێرنەکەی لەگەڵ ئەزموونە ئەدەبییە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەم، دوای ئەزموونی ڕۆشنگەری و ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی جیهانی دەست پێ دەکات. گەشەسەندنەکانیش لە ئەدەبی فرانسی بۆ ئێمە وەک مۆدێلێکی هاوتایە بۆ قووڵبوونەوە و باسکردنی ئەزموونی ڕۆماننووسیی کوردی.

لە ئەدەبی فرانسیدا ڕۆمان بە شێوە هاوچەرخەکەی، بەو فۆرمە و بەو شێوازە نوێیەی ئەمڕۆ پێیەوە ناسراوە، کە پشت بە زمانێکی نوێ و ڕوانینێکی نوێ دەبەستێ لەمەڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و گۆڕانە مادییەکان، کە بێگومان لە پشت ئەو کاریگەریانەن کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمان، پاشانیش وەک هەڵکەوتی ناوەوەی ڕۆمان لەمەڕ ئەزموونی نووسین و خەیاڵ و شێوازی نوێ و وردەکارییەکانی تری تایبەتی ڕۆمانی نوێ، لە هەناوی فەلسەفە و ئەدەبی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەرهاتووە و پاشان لەگەڵ تەوژمی مۆدێرنیتێ و سەردەمی مۆدێرنیزم گەیشتۆتە ئاستێکی باڵای داهێنانی ئەدەبی، ئەزموونە ئەدەبی و ڕۆماننووسییەکانی ڤۆلتێر،[۳] ڕووسۆ،[۴] دیدرۆ[۵] و شاتۆبریان[۶] کە هەموویان لە نووسەران و ڕۆماننووسانی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەمن، بە سەردەم و ئەزموونی پێش سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ لە

[1] Plurilinguisme.
[2] Discours.
[3] Voltaire.
[4] Rousseau.
[5] Didrot.
[6] Chateaubriand.

قەڵەم دەدرێن، ئەم ماوەیە یان ئەم هەنگاوە لەگەڵ ساڵی ١٨٣٠ کۆتایی دێ، بەو مانایەی یەکەمین ڕۆمانی نوێی فرانسی کە لە ڕوانگەیەکی ڕۆمانسییانە و ڕیالیزمییانەوە نووسرابێ، کە بە هەموو مانایەک بە سەرەتای هەقیقی ئەزموونی قووڵی ڕۆماننووسی نوێی فرانسی لە قەڵەم بدرێ، ڕۆمانی *سوور و ڕەش*ـی ستەنداڵە کە هەر لەوساڵەوە لە ١٨٣٠ بڵاودەبێتەوە، «ستەندال زمان و شێواز و خەیاڵێکی دیکەی نوێی ڕۆماننووسیی کە تێکەڵەیەکە لە ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم دەهێنێتە ناو ئەدەبی فرانسی، باس لە نیگەرانی و دڵەڕاوکە و پێگە و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی مرۆڤی نوێی فرانسی دەکا، ستەندال ڕۆمان پێناسە دەکا و دەڵێ «ڕۆمان وەک ئاوێنییەک وایە بە درێژایی شەقام لە جووله و ڕۆیشتندا بێ» (نووریسیه، ١٩٩٧: ٦١٨).

لەم ڕوانینەوە ستەندال مەبەستی پیشاندانی خەسڵەتە زۆرەکانی ڕۆمانە کە وەک ئاوێنەیەکە بۆ ژیانی مرۆڤ و بۆ واقیعی مرۆیی، ئەم ئاوێنەیە وەک مێتافۆرێک وایە، هەموو شتێک تێیدا دەبینرێ، لە هەمان کاتیش بەو مانایەش دێ تەنیا بە فۆرمی ڕۆمان دەتوانین وێنەیەکی سەرتاپاگیری ژیان پێشکەش بکەین، بەو مانایەی لە ڕۆمان جێگەی هەموو شتێک دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە، هەر لەم بارەیەوە ئێمیل زۆلا لە دوو پێناسەی ڕۆمان لە ساڵی ١٨٩٦، پێیوایە بەلزاکیش پێناسەیەکی هەبووە بۆ ڕۆمان کە لە ڕستەیەکدا کورتی کردۆتەوە: «ڕۆمان وەک توێژینەوەیەکە لەبارەی ئەناتۆمی ئەخلاقی» (مۆرتیە،[1] ٢٠٠١: ١٤٣). ڕاستییەکەی ئەزموونی ڕیالیزمی بەلزاک، ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، دروست وەک توێکارییەکە بۆ واقیع و بۆ واقیعی مرۆیی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕوحی، بە گشتی لە هەموو حاڵەت و پەیوەندییە مرۆییەکان. بەڵام ڕوانینی فلۆبێر[2] کە لە نەوەی نووسەرانی دوای بەلزاکە، زیاتر بەرەو ئەزموونێکی ڕیالیزمی باڵا هەڵدەکشێ و سەرێکیشی لەگەڵ سەمبۆلیزم تێکدەکاتەوە. وەک ئەزموونی نووسین و هونەرەکانی نووسینی ڕۆمان، ئەزموونی فلۆبێر بە ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەند و پوختە و دانسقە لە قەڵەم دەدرێ، لە شاکاری ئەو، ڕۆمانی *مەدام بۆڤاری* هەموو ئەم سیفەتانە هەیە. لە پشت ئەم ئەزموونە لە مێژووی ئەدەبی فرانسی، مێژوویێکی کۆنی ڕۆماننووسیی هەیە، دوای نوێبوونەوە بەراییەکان، پاش شۆڕشی فرانسی ساڵی ١٧٨٩، کۆمەڵێک جۆری ڕۆمان و شانۆنامە و لە ئەدەبی فرانسی سەرهەڵدەدەن، ئەم ئەزموونە، زۆر دەوڵەمەند و بەربڵاوە، وەک تایبەتمەندییەک ناشێ بە ئەزموونی سنووورداری کوردی بەراورد بکرێ، لەگەڵ ئەمەش زۆر شت لە نێوان ئەم دوو ئەدەبەدا هەیە و بە یەکتری دەچن، وەک وەرچەرخانەکان و سەرهەڵدانەکان و گۆڕانە مادییەکان.

---

[1] Mortier.

[2] Flaubert.

لە ئەدەبی فرانسیدا بە کاریگەری گۆڕانە جیهانییەکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵی سەرمایەداری دەوڵەمەند و خاوەن کۆلۆنی و پڕۆسەی بە کۆلۆنیکردنی بەشێکی گەورەی دنیا، سەردەمی ناسراو بە مۆدێرنیزم (۱۸۹۰-۱۹۳۰)، واتە بە پیشەسازی بوونی خێرای کۆمەڵ و سەرهەڵدانی کۆمەڵی سەرمایەداری و خێرایی پێشکەوتنی ماددی، هەموو ئەمانە راستەوخۆ روخساری کولتووری و ئەدەبی سەردەمەکە پیشان دەدەن و دەیگۆڕن کە خۆیان لە هەڵوەشانەوە و ترازان و یەکانگیری و سەمبۆلیزم و ناتورالیزم دەبیننەوە وەک دوو بزووتنەوەی ئەدەبی ئەو سەردەمە، پاشان جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەریی خۆی هەیە و لە پشت سەرهەڵدانی ئەدەبی دێکەدانتیزمەوەیە[1] کە ڕووخان و نغرۆبوون دەبێتە بابەتی سەرەکی ئەدەبی. هەموو ئەمانە ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکەن پۆست مۆدێرنیزم سەرهەڵبدا، ئەمەش لە ئەدەبیاتی پروست و کافکا و جیمس جۆیس و کۆنراد لە ڕۆماندا و سترەنبیری و پیراندیلۆ و برێخت لە شانۆدا ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعریش ئەزموونی پێشەنگانێک وەک مالارمێ و ییتس و ئیلیەت و پاوەند و ریلکە و ئەپۆلینێر و پۆل ڤالیری لە پێشەوە دێن. ئەمەش ئەدەبێکی دیکەی نوێ و نوێبوونەوەیەکی دیکەیە، لووتکەی ئەم ئەزموونە ئەدەبییە ناسراوانە تا ئەمڕۆش شاکارەکەی ڕۆماننووس مارسێل پروست-ە، *گەڕان بە دوای ڕۆژگاری لە دەستچوو*.[2]

لە ڕۆژئاوادا، بە تایبەتی لە فرانسا، پێشکەوتنی ڕۆمان لە دوای ۱۸۵۰، وەک دیاردەیەکی سەر بە مۆدیرنیتێ حسێبی بۆ دەکرێ، مۆدێرنیتێ وەک کۆنسێپتێکی ئەدەبی لەو سەردەمەوە بە مانای بووژانەوە و بوونی گیانی سەردەم و تێگەیشتنی تازە دەهات لە کۆمەڵ و تاکەکەس و پەیوەندییەکان، بۆدلێری شاعیر یەکەم کەس بووە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە کتێبی *نیگارکێشی ژیانی مۆدێرن* وەک کۆنسێپتێکی نوێ بۆ ئەدەب باسی مۆدێرنیتێ دەکا و دەڵێ «ناکام، سرک، نەگیراو، ئەمەیە نیوەی هونەر، نیوەکەی دی ئەبەدی و جێگیرە» (تامین و هوبرت،[3] ۲۰۰۴: ۱۳۰). بەڵام هەر بۆدلێر خۆی مەسەلەی مۆدێرنیتێ تایبەت ناکا بە سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژوودا «ئەو پێیوایە هەموو سەردەمێک هونەرمەندی مۆدێرنی خۆی هەیە« (هەمان). ئەم هەڵکەوتە باڵایە و ئەم تازەگەرییە بە جوانی لە ئەزموونە ئەدەبییەکانی دواتر دەردەکەوێ، بە تایبەتی لەگەڵ ئەزموونی پڕ بە هاو و ناوێزەی گوستاڤ فلۆبێر، هەر لەو سەردەمەشەوە ڕۆمان لە ئەدەبی فرانسی راستەوخۆ بە مانای ئەدەب دەهات، ئەمەش قورسایی و بایەخی ڕۆمان نیشان دەدا وەک دیاردەیەکی تازە لە ژیانی مۆدێرن، لەم ڕووەوە ڕۆلان بارت زۆر بە باشی وێرای

---

[1] Decadantisme

[2] *Marcel Proust: A la recherche du temps perdu*

[3] Tamine et Hubert

شۆڕبوونەوە بۆ ناو مێژووی رۆمانی نوێ تا دەگاتە ئەم سەردەمە و کێشەکان لەمەڕ خوێندنەوە، ئەو بایەخ و گرینگییە دەخاتەڕوو دەڵێ:

هەرچی ڕۆمانە، ئەنجامی پەیوەندییەکانە[1] و خەسڵەت و ڕوخسارە «دامەزراوەییەکەشی»[2] ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ دەردەکەوێ. لە سەردەمی «ڕۆشنایی یان ڕۆشنگەری»[3]یەوە، ڕۆمان «گیانی یاساکان» دەگوازێتەوە کە شۆڕش لە یەک کاتدا سەقامگیریان دەکا و پاشان خیانەتیشیان لێ دەکا. هیومانیزم و لیبرالیزمی مۆدێرن بەشێکی زۆر لە هێز و کاریگەرییەکانی دواتری خۆیان لە ڕۆمان وەرگرتووە. زاراوەکانی «ئەدەب» و «ڕۆمان» لە کۆمەڵی هاوچەرخ هاوواتای یەکتر دەبن، کە ڕۆمان بەشی هەرە گەورەی ئەوەی پێی دەگوترێ بازاڕی خوێندنەوە داگیر دەکا. (نووریسیە، ١٩٩٧: ٦٣١)

ئەم ڕوانینە تەواوی مێژووی ڕۆمانی نوێی فرانسی دەگرێتەوە، لە سەردەمی پێش ڕۆمانتیکی، واتە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی *کاندیدی* ڤۆلتێرەوە، تا دەگاتە ئەدەبی سەردەمی پۆست مۆدێرنیتێ. پۆست مۆدێرنیزم وەک هەنگاوێکی تازە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرهەڵدەدا.

یەکێ لە خەسڵەتەکانی بریتییە لە گرفت یان قەیرانی نوێنەرایەتیکردن:[4] واتە هونەرمەندان یان نووسەران ئەو هەستەیان هەیە یان ئەو هەستەیان لەلا دروست دەبێ هەرگیز نەتوانن نوێنەرایەتی هەقیقەت بکەن، بنچینەی ئەم هەستکردنەش ڕۆلان بارت دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەدەبی داهێزراو و ڕووخاو[5] (واتە ماندوویی، داوەشان، هەڵتەکان، ...) بەو چەشنەی لە ڕۆمانەکانی بێکێت و کلۆد سیمۆن هەن وەک نموونەیەک. یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی دیکەی پۆست مۆدێرنیزم بوونی تێمای «دەقئاوێزان» یان «نێوتێکست»[6]ە، واتە نەمانی سنوورەکانی نێوان جۆرەکانی ئەدەب و جیاوازییە تێکستییەکان بە پێی جۆرەکانی ئەدەب خۆی، لەولاشەوە، بە ڕای فرانسوا لیۆتار پۆست مۆدێرنیزم واتە سازانی ئیدیۆلۆژی و کولتووری، بزربوونی سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەدەبی رۆژئاوایی و یۆنانی و لاتینی و جودایزم و کریستیانیزم وەک داستان، تراژێدی یۆنانی، تەورات...هتد. (تامین و هوبرت، ٢٠٠٤: ١٣١)

بەڵام سەبارەت بە ئەزموونی ڕۆماننووسی لە ئەدەبی کوردی بە بەراورد بە ئەزموونی فرانسی، لە ئەدەبی کوردی ڕۆمان سەرەڕای ئەوەی دەشێ بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم یان نوێخوازی یان بوونی ڕوانینی واقیعی بۆ کۆمەڵ و بۆ ناوەوەی مرۆڤی کوردی ببەستینەوە، واتە وەک ڕوانینێک بۆ دەرەوە و بۆ ناوەوە، بەڵام ئەم هێشتا ئەم ئەزموونە لە ڕێڕەوی گەشەسەندنی خۆی هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ، نەیتوانیوە ببێتە هاوواتای ئەدەب، واتە هەموو پانتایی ئەدەب داگیر بکا، هێشتا نەبۆتە مۆدێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی، ڕۆمان ئەوەندە زۆر بەرهەم بهێنرێ و بخوێندرێتەوە و هەموو نەخشەی ئەدەب داگیربکا. بەڵام لەوەش دڵنیاین ئەمڕۆ لەناو کورد ڕۆمان زۆرتر بەرهەم دەهێنرێ و زۆرتریش دەخوێندرێتەوە. لە بارەی سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ئەدەبی نوێی

---

[1] Communications.
[2] Institutionnels.
[3] Lumières.
[4] Crise de representation.
[5] l'epuisement.
[6] Intertextualité.

کوردی، نووسەر ئارام سدیق پێیوایە هەروەک «چۆن لە ئەورووپا ڕۆمان بەرهەمی شارە، لە کوردستانیش لەگەڵ دروستبوونی شاردا ئەدەبی گێڕانەوەیی (ڕۆمان)ی کوردی گەشەی کردووە» (سدیق، ۲۰۱۵: ۷۳). بە گشتی ڕۆمانی نوێ فۆرمێکی ئەدەبی نوێیە و سەر بە ڕوانینی ئێستێتیکی نوێیە و کێشەکانی مرۆڤی نوێ دەخاتە ڕوو. لە ڕووی تەکنیکییەوە وەک فۆرمێکی باڵای پەخشان دادەنرێ. سەرهەڵدانی پەخشانیش لە جیهانی کوردی لە یەکەمین نیشانەکانی نوێخوازیی کوردییە.

سەبارەت بە وەرچەرخان لە فۆرمی شیعرەوە بۆ فۆرمی پەخشان، کە پەیوەندی بە بنچینە و سەرهەڵدانی ڕۆمانەوە هەیە، لە سەردەمی نوێوە، لە ڕوانگەی ئێمەوە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بە سەرەتای دەرکەوتنی کۆنکرێتی پەخشانی کوردی دادەنرێت، بێگومان مێژووی پەخشانی کوردی زۆر لەوە کۆنترە و دەبێ لەگەڵ نوێبوونەوەی یەکەمی کوردی سەری هەڵدابێ، واتە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم، سەردەمی ئەزموونی پێشەنگانی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی: نالی و مەستوورەی ئەردەڵانی. هەر لەم سەرەتایەوە دەرکەوتنی فۆرمی پەخشانی کوردی، لە شێوەی کۆمەڵێک فۆرمی ئەدەبی بووە وەک وتاری ئەدەبی جیاجیا: خاتیرە، وتاری ڕەخنەیی، وتاری تیۆری، وتاری گشتی ڕۆژنامەیی، چیرۆک، شانۆنامە دەرکەوتووە. هەر لەو سەردەمەوەش، ئێمە چەند ئەزموونێکمان هەیە کە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە یەک ئاستی ئەدەبی و هونەری و شێوازی نووسین و هەتا لە ڕووی زمانیشەوە لە یەک ئاست دەمێننەوە، وەک چیرۆکی *لە خەوما* (۱۹۲۵) بەرهەمی جەمیل سائیب و *مەسەلەی ویژدان* (۱۹۲۷) بەرهەمی ئەحمەد موختار جاف، *شڤانێ کورد* (۱۹۳۰) بەرهەمی عەرەب شەمۆ و، ڕۆمانی *نازدار یا ژنی کورد لە لادێ* (۱۹۳٦) نووسینی محەمەد عەلی کوردی، کە بە زنجیرە لە گۆڤاری *ڕووناکی* بڵاوبووەتەوە، تا دەگاتە *پێشمەرگە*ی ڕەحیمی قازی و *ئاشتی کوردستان*ی محەمەد سالح سەعید و *ژانی گەل*ی (۱۹۵۹) ئیبراهیم ئەحمەد. هەموو ئەمانە تا کۆتایی سەدەی بیستەم لەگەڵ چەندین ئەزموونی پێشکەوتووتری دواتر، چیرۆکنووسی و ڕۆماننووسیی کوردی درێژە بە خۆیان دەدەن، وەک ئەزموونی دەوڵەمەندی حوسێن عارف تا دەگاتە شێرزاد حەسەن و زۆری تر وەک نووسەرانی کۆتایی سەدەی بیستەم.

بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە، سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمی کوردی، سەردەمی ڕۆمانی نوێی کوردییە، لەمەشەوە دەوڵەمەندی خەیاڵ و تێکشکانی دۆگمە ئیدیۆلۆژییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ڕووداو و زمان و شێوازی نوێی نووسین و شێوازی نوێی گێڕانەوە، گۆڕان لە ڕوانین و نیگای جوانیناسانە بەرەو جۆرێک لە مۆدێرنیتێی کوردی دەچێت (ئەگەر بکرێ بەو شێوەیە بیناسێنین) ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە بوونی تایبەتمەندیی نوێ و نوێخوازی

بۆ ڕۆمانی نوێی کوردی. لە ڕوانگەی ئێمەوە، تەواوی سەدەی بیستەم بە سەدەی سەرهەڵدان و گەشەسەندن دادەنرێ، ئەم سەردەمە بە *لە خەومـا*ـی جەمیل سائیب دەست پێدەکات، بە ئەزموونی شێرزاد حەسەن کۆتایی دێ، هەڵبەت بە تێپەڕین بە ئەزموونی حوسێن عارف، سەلاح عومەر، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، رەئوف بێگەرد، حەسەنی قزلچی و محەمەد ئوزون و و زۆری تر، بەڵام سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بە سەرەتای ڕۆمانی نوێ، نوێ لە هەموو ڕوویێکەوە، وەک زمان، خەیاڵ، شێواز و گێڕانەوە، نوێ وەک ڕووداو و گۆڕانی سەردەم و چەشە و ڕوانینەکان.

بێگومان ڕوانینی ژیاری و جوانیناسانەی مرۆڤی کوردی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لە هی کۆتایی سەدەی بیستەم؛ کێشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕوحییەکانیش جیاوازن. ئەمڕۆ سەردەمی تێکشکان و نەمانی ئیدیۆلۆژییە کلاسیکییەکانی ناو کوردە و ئەوانەش کە جێگەی کۆنەکان دەگرنەوە هێشتا دوا ڕوخساری خۆیان نیشان نەداوە. کۆمەڵی کورد لەم پەنجا ساڵەی دوایی زۆر گۆڕاوە، بۆیە سەرەتای ڕۆمانی نوێی کوردی، کە بتوانین بە هەمان ئاستی ڕۆمانی نوێی فرانسی بەراوردی بکەین، دەکەوێتە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم. ئەو ڕۆمانانەی لەم بیست ساڵەی دواییدا بڵاوبوونەوەتەوە لە ڕوانگەی ئێمەوە بە ڕۆمانی نوێ یان ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی لە قەڵەم دەدرێن؛ ئەمەش زۆربەی ئەو ڕۆمانانە دەگرێتەوە کە وەک ئەزموونی نووسین و جیهانبینی ڕۆمانی سەرکەوتوون و لەناو کۆمەڵی کوردی دەنگ و زایەڵەیەکیان هەیە. ئەمانەش دەشێت لە رووی پێکهاتەی ناوەوە و دەرەوە لە ئاستی ڕۆمانی ئاسایی جیهانی یان وەک مۆدێلی ڕۆمانی فرانسی بن. ئەم پێنج ڕۆمانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵمانبژاردوون دەکەونە ناو ئەم بازنە نوێیە، دەشێت روانینی نوێ و خەم و نیگەرانییەکانی ئەم سەردەمەی مرۆڤی کوردیان لێ بخوێندرێتەوە.

### ۳- پێشینەی توێژینەوە

یەکێ لەو سەرچاوانەی کە خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ مێژووی ڕۆمانی کوردی دەکا، کتێبەکەی سابیر رەشیدە بە ناوی *ڕۆمانی کوردی* کە لە ساڵی ۲۰۰۷ لە لایەن وەشانی ئاراس-ەوە لە هەولێر بڵاوبووەتەوە. لە بارەی سەرهەڵدان و سەردەمەکانی گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی، ناوبراو پێی وایە ڕۆمانی کوردی بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە وەک: قۆناغی لە دایکبوون و هەوڵە بەراییەکان ۱۹۲۷-۱۹۷۰، قۆناغی دامەرزاندن و گەشەسەندن ۱۹۸۵-۱۹۹۰، قۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە ۱۹۹۱ تا ئێستا. بێگومان ئەم قۆناغبەندییە دەبێ لەسەر بنچینەی روانین و توێکاریی ناوەوە و دەرەوەی پێکهاتەی ڕۆمان سەرنجی بدرێتێ. ئێمە بە پێچەوانەوە تەنیا لە دوا قۆناغ لەگەڵ ئەم ڕوانینە هاوڕاین و ئەوانەی پێشوو هەمووی دەچنە ناو بازنەی سەرهەڵدان و گەشەسەندن، چونکە وەرچەرخان هەمیشە لەسەر بنچینەی گۆڕانە ڕادیکالەکان دەستنیشان دەکرێ، گۆڕانی

ڕادیکال، له هه‌ڵکه‌وت پێکهاته‌ی ناوه‌وه، شێوازی نووسین و ڕوانینی جوانی‌ناسانه و ئاراسته‌ی فیکری. بۆیه ئێمه پێمان وایه ته‌واوی سه‌ده‌ی بیسته‌م، سه‌رده‌می سه‌رهه‌ڵدان و گه‌شه‌سه‌ندنی ڕۆمانی کوردییه، به پێچه‌وانه‌وه، ڕۆمانی نوێی کوردی بشێ هه‌موو مه‌رجێکی ڕۆمانی ئاسایی هه‌بێ و وه‌ک هه‌ر ڕۆمانێکی فرانسی یان فارسی، یان وه‌ک ڕۆمانێک بێت ته‌واوی خه‌سڵه‌ت و مه‌رجه‌کانی ڕۆمانێکی ستانداردی هه‌ڵگرتبێ و ئاستی به‌رز بێ، له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیست و یه‌که‌م ده‌ست پێده‌کات، ئه‌م پێنج ڕۆمانه‌ی لێره‌وه بابه‌تی ئه‌م توێژینه‌وه ڕه‌خنه‌یی و پڕاکتیکییه‌ن، هیچ شتێکیان وه‌ک ته‌کنیک و شێواز و وه‌ک ناوه‌ڕۆک و جیهانبینی و گۆشه‌نیگا و هونه‌ری گێڕانه‌وه له ڕۆمانی فرانسی و فارسی که‌متر نییه. ئه‌گه‌ر بۆ زمانێکی تر وه‌ربگێڕدرێن ده‌نگ و زایه‌ڵه‌یه‌کی ئه‌ده‌بی و هونه‌ری باشیان ده‌بێت.

بێ‌گومان توێژینه‌وه و وتاره تیۆری و ڕه‌خنه‌ییه‌کانی هاشم ئه‌حمه‌دزاده له باره‌ی ڕۆمانی کوردییه‌وه له بابه‌ته سه‌ره‌کی و بنیاتنه‌ره‌کانن که له چوار کتێبی تایبه‌ت، گرنگیی به ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانی جیهانی داوه و بایه‌خی به کێشه‌ی گێڕانه‌وه وه‌ک بابه‌تێکی تیۆری و پراکتیکی له ئه‌ده‌بی کوردی داوه. مێژووی ڕۆمانی کوردی، سه‌رهه‌ڵدان و گه‌شه‌سه‌ندن، ناسنامه و ڕۆمان له بواره گرینگه‌کانی توێژینه‌وه‌کانی ئه‌ون به تایبه‌ت له‌م کتێبانه‌دا: *نه‌ته‌وه و ڕۆمان*، *گێڕانه‌وه‌ناسی*، *جیهانی ڕۆمان و زمان*، *ئه‌ده‌ب و ناسنامه*.

یه‌کێکی دی له سه‌رچاوه سه‌ره‌کییه‌کان که به‌م ئاراسته‌یه ڕۆیشتووه، کتێبی *به‌ره‌و ڕۆمانی کوردی*یه له نووسینی ئارام سدیق. نووسه‌ر کۆتایی سه‌ده‌ی بیسته‌م و سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیست و یه‌که‌م به سه‌رده‌می ڕۆمانی نوێی کوردی له قه‌ڵه‌م ده‌دا، به‌ڵام ناونیشانی ئه‌م کتێبه ڕاسته‌وخۆ ئه‌و پرسیاره‌ش ده‌وروژێنێ: ئاخۆ ئێمه ڕۆمانێکمان هه‌یه بشێ ببێته نوێنه‌رێک بۆ ڕۆمانی ته‌واو، واته له هه‌موو ڕوویێکه‌وه خه‌سڵه‌تی ڕۆمانی هه‌ڵگرتبێ. سه‌رچاوه‌کانی تر به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌ن: *ته‌کنیکی گۆشه‌نیگا له ڕۆمانه‌کانی به‌ختیار عه‌لی‌دا*، نووسینی مسته‌فا سالح مسته‌فا. *سیمیۆلۆژیای ناونیشان*، *ناونیشانی ڕۆمانی کوردی*، نووسینی حه‌مه مه‌نتک. توێژینه‌وه‌ی *جیهانبینی له ڕۆمانی کوردیدا*، نووسینی ره‌سول حه‌مه‌د ره‌سول. توێژینه‌وه‌ی *شیعرییه‌تی ناو له ڕۆمانی دواهه‌مین هه‌ناری دونیا‌ی به‌ختیار عه‌لی‌دا*، نووسینی سروه تاهیر عه‌لی و ئه‌ڤین ئاسۆس حه‌مه. بابه‌تی سه‌ره‌کیی ئه‌م توێژینه‌وه‌یه ده‌ستنیشانکردنی خه‌سڵه‌تی شیعرییه‌تی ناوی که‌سایه‌تییه‌کانی ئه‌م ڕۆمانه‌یه. ئه‌م بابه‌ته ده‌شێ هێشتا لێکۆڵینه‌وه‌ی له باره‌وه بکرێ. ئێمه لێره، وێڕای بایه‌خدان و شیکردنه‌وه‌ی ڕۆمانی *ده‌ریاس و لاشه‌کان*ـی به‌ختیار عه‌لی، له‌م باره‌یه‌وه سه‌باره‌ت به کێشه‌ی ناو له ڕۆمانه‌کانی ناوبراودا، له به‌شی ره‌خنه‌ی پڕاکتیکی بایه‌خمان به‌م لایه‌نه داوه.

لە پاڵ ئەمانەوە هەندێ سەرچاوەی ترمان هەن وەک: *چەند سەرنجێک دەربارەی مێژووی ڕۆمان*، نووسینی عادل گەرمیانی. وتاری «ڕۆمانی کوردی: مێژوو و سەرهەڵدان، لە سەرەتاوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١» نووسینی سەنگەر زراری، وێڕای دوو نامەی ماستەر لە بارەی ڕۆمانی کوردی، *ڕۆمانی کوردی لە عیراقدا*، نووسینی ئیبراهیم قادر و *ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦* نووسینی عادل گەرمیانی. بەڵام تازەترین بەرهەم لە بارەی ڕۆمانی کوردی، بە تایبەتی لە بارەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی‌یە، کتێبەکەی دەریا جەمال حەوێزی‌یە بە ناوی *دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ریالیزمدا*. ئامانجی سەرەکیی ئەم دوو توێژینەوەیە، بابەتی ریالیزم و جۆر و تێماکانی ریالیزمە لە دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی بە ناوی *شاری مۆسیقارە سپییەکان* و *جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد*.

دوا توێژینەوەی بە پێز و پڕ لە وردەکاری کە لە ڕوانگەیەکی نوێوە لە بارەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی نووسرابێت، وتارەکەی بەختیار سەجادی‌یە لە ژێر ناوی «گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی خوازی و دژەواقیعی خوازیدا» (٢٠١٩). لەم توێژینەوەیە نووسەر باس لە گێڕانەوە دەکا لە فۆرمی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و تیشک دەخاتە سەر کێشەی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە ڕۆژئاوا و لە ئەدەبی کورددا. سەجادی پێی وایە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا مۆدێرنیستی نییە بەڵام لە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیتێ دایە. بە ڕای نووسەر، ڕەوتی «واقیعی‌خوازی» ئەگەر بشێت بەرامبەر بە ریالیزم بوەستێتەوە، تەمەنەکەی کورتتر و سنووردارترە لە چاو ئەزموونی گەلانی تر، بەڵام ئەوەی کوردیش ئەزموونە بەراییەکانی سەرنجڕاکێشە. سەجادی پێشتریش لە کۆمەڵێ وتاری تێروتەسەلدا بە دیاریکراوی تیشکی خستۆتە سەر کۆمەڵێ ڕۆمانی کوردی لەوانە بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن، عەتا نەهایی، مەنسوور تەیفووری و سەید قادر هێدایەتی و هەوڵی داوە لایەن و مۆرکە جیاوازەکانی ئەو ڕۆمانانە لە ڕوانگەی بۆچوونی بەرباسیەوە لێکبداتەوە. یەکێکی تر لە سەرچاوە تازەکان نامەی ماستەری مەزهەر ئیبراهیمی‌یە بە ناونیشانی *زمانی کوردی، ئایدیۆلۆجی و پێڤاژۆی بەسووژەبوون: خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی و گابۆڕ بە گوێرەی تیۆری ڕەخنەیی لویی ئاڵتووسێر* (٢٠١٩). توێژەر لێرەدا ویستوویەتی شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو ڕۆمانی کوردیی سەروو و ناوەندی بۆ ئیدێئۆلۆژی لەسەر بنەمای پێناسەکەی ئاڵتووسێر بخوێنێتەوە.

**٤- شیکردنەوەی ڕەخنەیی**

کە توێژینەوەی ڕەخنەیی و پراکتیکی لە بارەی ڕۆمان پێشکەش دەکرێت، هەردەم دەبێ لەسەر بنچینەی پێکهاتەی ناوەوە بێ، ئەم پێکهاتەیەش سێ خەسڵەتی ڕۆمان دەگرێتەوە. لە ڕوانگەی رینیێ ویلیک، ئەم سێ خەسڵەتە سترەکتوری ڕۆمان پێکدەهێنن ئەمانەش «ڕووداو یان سەربردە،

کەسایەتییەکان و فەزای ڕۆمانن، هەر یەک لەمانە ئەوانی دی دیاری دەکەن و دەیناسێنن» (وێلێک،۱۹۷۱: ۳۰۲). ئێمە هەوڵدەدەین لەم لایەنانەوە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکی بۆ ئەم ڕۆمانانەی خوارەوە پێشکەش بکەین. بێگومان، ئەم سێ لایەنە دەشێ بە چەشنێکی دیکەش پێشکەش بکرێن، وەک گێڕانەوە و خەیاڵ و کەسایەتییەکان، هەڵبەت لەگەڵ وردەکاری زیاتری سەر بەم لایەنانە، وەک زمان، داڕشتن و شێواز، زەمەنی ڕۆمان و زەمەنی گێڕانەوە، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی ئێستێتیکی گێڕانەوە و داڕشتن باسیان لێوە دەکرێ.

### ۴-۱- ڕۆمانی *میرنشینی خاک و خۆڵ* نووسینی نەبەز گۆران

ڕۆمانی *میرنشینی خاك و خۆڵ* لە ڕووی سترەکتوری ڕووداو و سەربردەوە، هەموو شتێك لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات، ڕووداو هەڵدەکشێ و ئاڵۆز دەبێ، کەسایەتی جیاجیای لاوەکی و ڕووداوی جیاجیای لاوەکی تێدەکەوێ، لە خاڵێکیش کۆتایی دێ. کۆتایی ڕۆمانەکە خاڵی باڵای چیرۆکەکەیە کە وەك وەرچەرخان یان گۆڕان یان سەردەمێکی دیکەی نوێیە کە نووسەر دەیەوێ بیخاتەڕوو. لە ڕووی سترەکتوری گێڕانەوە ڕۆمانەکە پشت بە ڕووداوێکی سادە و ڕوون دەبەستێ، کەسێکی هونەرمەند زێدی خۆی جێدەهێڵێ ڕوو لە شارێك دەکا، کەمێك تێیدا دەژیێ، ئایینده‌ی شار و ناوچەکە هەمووی لە دوای خۆی دەگۆڕێ، ئەو هونەرمەندێکە دەیەوێ تەنیا ئەزموون و بەرهەمی خۆی پیشانی خەڵك بدا، ئەمەش دەبێ لەو ڕوانگەوە سەیری بکەین کە هەموو هونەرمەندێك نوێنەرایەتی نوێخوازی سەردەمی خۆی دەکا بە پێی ئەو پێوەرەی بۆدلێر[1] دایڕشتووە و لە سەرەوە باسمان کردووە، شاعیرێك لە گوندەکەی دەردەچێ بەرەو شاری نوێ دەچێ (سلێمانی وەك میترۆپۆلێکی نوێی کوردی) بەڵکو لەوێ بەختی خۆی تاقی بکاتەوە و شیعر و ئایدیاکان و شێوازەکانی پیشانی خەڵك بدا، تا ئەوسا هەموو خەڵك بە زمانی بێگانە ئەدەبیان بەرهەمهێناوە، شیعریان نووسیووە، بەڵام ئەو بە زمانی کوردی دەنووسێ، بە زمانی قسەکردنی خەڵکەکە شیعر دەنووسێ و دەیەوێ هەر لەم بارەشەوە بەختی خۆی تاقیی بکاتەوە، لە شار سەرەتا دەسەڵات و خەڵك و بژاردەی ڕۆشنبیرەکان دژایەتی دەکەن، پاشان ئەوانیش وردە وردە دێنە سەر ڕێگای ئەو، دواجار کەسایەتی سەرەکی چۆن هاتۆتە ناو شار بە هەمان شێوە دەردەچێتەوە و شار بەجێدەهێڵێ، بەڵام لە دوای خۆی زۆر شت دەگۆڕێ، وەك زمان و ڕووانین و خەیاڵ. ئەمەش کە نوێبوونەوە و نوێخوازییە دوا خاڵی باڵای ئامانجی ئەدەبی و بیری سەرەکی ڕۆمانەکەیە.

ئایدیای سەرەکیی ئەم ڕۆمانە مەسەلەی گۆڕان یان وەرچەرخانی کولتوورییە، لە سەردەمێکی دیاریکراوی کوردی کە دەشێ وەك سەردەمی نوێ یان بووژانەوە ڕێنیسانس-ی کوردی لەقەڵەم

[1] Baudelaire.

بدرێ. کەسایەتی سەرەکی «میرزای باڵدارە« کە بە هەموو پێوەرێك ڕۆڵی نالی شاعیر دەگێڕێ وەك سەردەستەی شاعیران، ئەو دینامیزمی ئەم نوێبوونەوەیەیە، کەسایەتی لاوەکی سالمی هاوڕێی شاعیرە، لەگەڵ زۆری تر. ڕۆمان بە ڕستەیەکی سادە دەست پێدەکات «تازە هەتاو لە نێوان کێوەکان سەری دەرهێنابوو»، ئەمەش بۆ خۆی سەرەتایەکە بۆ ژیانێکی نوێی کەسایەتی سەرەکی، سەرەتایەکی نوێشە بۆ سەردەمێکی دیکەی نوێی کوردی، زمانێکی دیکەی نوێی کوردی، ڕوانین و خەیاڵ و خەون و ئاواتێکی دیکەی نوێی کوردی. سترەکتوری گێڕانەوە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژییە، سادە و هونەرییە، تا ڕدەیەکی زۆر نووسەر سوودی لە سترەکتور و فەزای حیکایەتە کوردییەکان کۆنەکان وەرگرتووە، زۆر شت لەم ڕۆمانە بە مەبەست بە شاراوەیی هێڵدراوەتەوە، وەك شوێن، هەموو شوێنەکان شوێنێکی حیکایەتی و خەیاڵین ئەگەرچی بە پێی ڕووداوەکان دەشێ بناسرێنەوە، دەتواندرێ هەر یەك لە شوێنە خەیاڵییەکان بدرێنە پاڵ شوێنە واقیعییەکان، وەك گوندی «خاك و خۆڵ» و شاری سلێمانی، وەسفی ڕێگابڕین و چەم و دەشت و چیا و چۆڵەکانی نێوان گوندی زێدی شاعیر و شاری نوێ. گێڕانەوە خوێنەر بۆ ناو فەزا و خەیاڵێکی شیعری و جیهانێکی پڕ لە خەون و ناوێزەیی و تا ڕادەیەکیش ئێگزۆتیك دەبا.

نووسەر سوودی لە ئەزموونی شیعری و شیعرییەتی باڵای نالی وەرگرتووە بۆ ڕۆمانەکەی، دەتوانین بڵێین بە چەشنێك لە بنچینەدا گێڕانەوەیەکی خەیاڵی ژیان و ئەزموونی نالییە، لە پاڵ ئەمەش باسکردنی سەرهەڵدانی زمانێکی نوێ و کولتوورێکی نوێ کوردییە (کوردی ناوەند کە هەموو ئەمانە دەگرێتەوە: سۆرانی، بابانی، ئەردەلانی، موکریانی). باسکردنی دەرکەوتن و بنیاتنانی شارێکی نوێیە (سلێمانی) لە ژیانی تازەی کوردی، کە بە هەموو پێوەرێك دەشێ بە سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە ژیان و ژیانی کولتووری کوردی لە قەڵەم بدەین. ڕۆمانەکە پێکهاتووە لە سەد تێکستی بچووك، هیچ تێکستێك لە سێ لاپەڕە زیاتر نییە، ئەمەش گەلێك زۆر یارمەتی خوێنەر دەدا بێزار نەبێ و بە هەڵپە بێ درێژە بە خوێندنەوە بدا. لەم ڕووەوە، ئەم ڕۆمانە وەك شێوازی گێڕانەوە و گرێچنی و وەسفەکان زۆر سەرکەوتووە. کەسایەتی بگێڕەوە[1] ئەو کەسەی چیرۆك دەگێڕێتەوە لەم ڕۆمانە دەنگێکی نادیارە، ئەم دەنگە هەردەم هاوتای دەنگ و ڕوانینی نووسەرە، هەرگیز وەك کەسایەتی لەناو ڕۆمانەکە دەرناکەوێ، تا کۆتایی چیرۆك دەگێڕێتەوە. کەسایەتی سەرەکی میرزای باڵدارە کە ڕۆڵی شاعیر نالی دەگێڕێ، کەسایەتی دووەم سالمی پەنجە شینە کە ڕۆڵی شاعیر سالمی هاوڕێی نالی دەگێرێ و یاریدەدەری ئەوە لە سەرخستنی شۆڕشەکەیان و گەیاندنی فیکر و شێوازی خۆیان بۆ ناو کۆمەڵ، کەسایەتی میر، کەسایەتی

---

[1] Le narrateur.

دیکەی لاوەکی کە بەشێکن لە چیرۆك و ڕووداو. کەسایەتی سەرەکی ڕۆڵی ڕچەشکێن، داهێنەر، داهێنەری زمانێکی نوێ و شیعر و خەیاڵێکی دیکەی نوێ دەگێڕێ، بە پێچەوانەوەی ڕەوتی گشتی زمانی باو و شیعری باو دەڕوا، لەم ڕۆیشتنەدا بێگومان دەیان بەربەست دێتە پێش کەسایەتی، بەڵام کەسایەتی سەرەکی بە پێی ئامانج و ئایدیای نووسەر، نوێنەرایەتی ئەو جیهانە نوێیە دەکا کە دواجار خەون و ئاواتی ئەوە و ئەم خەونەش بە کەسایەتی و ڕۆڵی ئەم کەسایەتییە خراوەتەڕوو. ئەرکی سەرەکی ئەم ڕۆڵە نوێبوونەوە و وەرچەرخانە، بێگومان ئەمەش بێ کێشە و گرفت نییە.

لە ڕووی زەمەن و زەمەنی گێڕانەوە لەم ڕۆمانە، هەست بە هەڵکەوتی زەمەنی کراوە و نادیاری ناو حیکایەتە کوردییە کۆنەکان دەکرێ، ئەم زەمەنە زەمەنێکی خەیاڵییە، یان زەمەنێکی چیرۆکییە، بێگومان ڕووداویش ڕووداوێکی خەیاڵی و چیرۆکییە، ئایدیایەك کرۆکی ڕووداوەکان پیکدەهێنێ، واتە ئایدیایەك بۆتە دینامیزمی ڕووداو و گێڕانەوە نەك ڕووداوێك لێکدانەوەی جیاجیا هەڵگرێ، ئەمەش دەشێ هەندێ جار وەك لاوازییەك بێتە بەرچاو، بەڵام لەولاشەوە هەر ئەم ئایدیایە دەبێتە هەوێنی گێڕانەوە، ئەمەش ئازادی بە نووسەر دەدا بە وەسفێکی چڕ و توندوتۆڵ و سەرنجڕاکێش شتەکان بخاتەڕوو، نووسەر ناچار نییە شوێن و سەردەمەکە بە ڕۆژ و ساڵ و مانگ دیاری بکا، یان هەڵکەوتێکی واقیعی ماددی بداتە زەمەن و فەزای گێڕانەوە، بەڵکو نووسەر بە مەبەست ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە بۆ بنیاتنانی ئێستێتیکێکی سەر بە گێڕانەوەی سەردەمێکی دوور کە دەشێ پڕ لە نهێنی و شتی ناوێزە بێ، بۆیە زەمەن زەمەنی حیکایەت و گێڕانەوەکانە، زەمەنێکی شیعرییە، چیرۆك لە سەردەمێکی دوور دەست پێدەکا، سپێدەی ڕۆژێکی نوێ کە ڕەمزیشە بۆ جێهێشتنی جیهانێکی کۆن و بەسەرچوو، چوون بۆ ناو سەردەمێکی نوێ و زمانێکی نوێ و خەیاڵ و ئەزموونێکی نوێ کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. دیالۆگی ڕاستەوخۆ کەمە بەڵام ناڕاستەوخۆ زۆرە، ئەمەش تا ڕادەیەك هەڵکەوتێکی گشتی ڕۆمانی نوێی کوردییە.

لەم ڕۆمانە وەسف و زەمەن و گێڕانەوە هاوشانی یەکترن، پچڕان و گەڕانەوە و چوونەپێشی تێدا نییە، هەموو شتێك لە رابردوو دەست پێدەکات لە رابردووش تەواو دەبێ. بەڵام لەم ڕۆمانە زەمەنی تەکنیکی چیرۆك ماوەیەکی کورت دەخایەنێ، بەڵام ئەمەش دیاریکردنی سەختە، ساڵێك یان زۆرتر، لەوانەشە کەمتر بێ. کەسێك ڕوو لە شارێك دەکا گۆڕان و وەرچەرخانێکی نوێ بەرپا دەکا، دوایی هەموو شتێك دەگۆڕێ، چەشە و ڕوانین و زمان و خەون، کە لە ئاییندەش بەردەوام دەبن، چونکە ئەوان بە مەبەست دەیانویست کاریگەرییەکان هەردەم لە ئاییندەدا بکەونەوە، هەر ئەمەش ڕیتمی ڕۆمانەکەیە، چوون بۆ ئاییندە، لەلایەکی ترەوە، دەشێ هەموو ئەمانە ببنە وەسف و ڕوانین بۆ مەزنیی ئەزموونی شیعری نالی و سەردەمی نالی کە وەك دانتێ و سەردەمەکەی بۆ

فلۆرەنسایییەکان، نوێنەرایەتی ئەو نوێبوونەوەیە دەکا کە هەر لەو سەردەمە وەك وەرچەرخانی ماددی و کولتووریی لە مێژووی نوێی کورد ناسراوە.

### ۴-۲- ڕۆمانی *پاسەوانانی خودا* نووسینی عەتا محەمەد

دەشێ ڕۆمانی *پاسەوانانی خودا* بە یەکێ لە ڕۆمانە هونەرییە سەرکەوتووەکانی کوردی لە بارەی ژیانی ئەمڕۆ لە قەڵەم بدەین، ئایدیا سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە کێشە و سەختییەکانی ژیانی ئەمڕۆ، ژیانی سەردەم، تێکچوونی پەیوەندییە گشتییەکان، تاراوگە و دوورە وڵاتی، نەمانی مانای وڵات و شوێن، سەختی ژیانی ڕۆژانە، تێکچوونی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، مەسەلەی توندوتیژی و تیرۆریزم و سەرهەڵدانی بیری فەناتیزمی ئایینی و سیاسی. لە یەکەم دێر و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانەکە دەچینە ناو ئەم هەموو سەختی و ئاڵۆزییانەی سەردەم، بە لێکجیابوونەوەی دوو کەس، ڕێبوار و نیان، دەست پێدەکات، زۆر بە سادەیی ڕێبوار ماڵ بەجێدەهێڵێ، وەك ئەوەی ئەم لێکجیابوونەوەیە شتێکی ئەوەندە بایەخدار نەبێ، وەك ئەوەی ئەمە کارەساتێك نەبێ لە ژیانی ئەم دوو کەسە، بەڵام ئەمە لە بنچینەدا وێناکردنی نووسەرە بۆ سەردەمەکە و بۆ پەیوەندییەکان، لە دێرەکانی بەرایی دەچینە ناو هەڵکەوتێکی سەخت، مرۆڤەکان سەردەمێك خەونی گەورەیان هەبوو دنیا بگۆڕن و باشتری بکەن، بەڵام دەبینین دنیا نەگۆڕاوە، بەڵکو کەسەکان گۆڕاون: «دنیا ناگۆڕێت، بەڵکو وێنە و شێوەکان دگۆڕدرێن، ڕمەکان کران بە مووشەك، دارستانەکان کران بە وێنەی سێرەهەندی، سوڵتانەکان بوون بە دیکتاتۆر و ئافرەتیش بە شەیتان. دنیا نەگۆڕا و زانست و شۆڕشەکان فریودەر بوون و ئەوەی گۆڕا، شێوە و وێنەی شتەکان بوو، نەوەك شتەکان خۆیان» (محەمەد ۲۰۱۹: ۱۳).

لە پاڵ ئەم ڕوانینە سەرەکییە بێگومان ڕووداو و سەربردەیەك هەیە، ئەمەش سترەکتورێکی ئەوەندە ئاڵۆزی نییە، هەڵبەت وردەکاری و گێڕانەوەیەکی هونەری هەیە، ئەمەش لە چوارچێوەی توندوتۆڵییەك کە وەك ئاڵۆزییەك دێتە بەرچاو، بەڵام لە بنچینەدا یەك ڕووداو هەیە، ئەویش دەرچوونی ڕێبوارە لە ستۆکهۆڵم و چوونییەتی بۆ مەدرید بۆ نووسینی ڕۆمانێك، لەناو ئەم سترەکتورە گەڕانەوە هەیە بۆ ژیانی ڕابردوو و باسکردنی سەردەمەکە و گێڕانەوەی ڕووداو و سەربردەی دی، ئەمانەش سێ وێنە و سێ کەسایەتی و سێ ڕووداوی تۆقێنەرن کە نوێنەرایەتی توندوتیژی فەناتیزمی ئایینی دەکەن. ڕووداوەکان وەك شوێن لە تاراوگە ڕوودەدەن، لە ئۆروپای ڕۆژئاوا، لە ستۆکهۆڵمەوە دەست پێدەکەن بۆ باشووری ئۆروپا، پاریس و مەرید و شوێنی تر. ڕێبوار بۆ خۆی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، واتە بابەتی گێڕانەوەیەکە لەسەر زمانی بگێڕەوەیەکی نادیارە، هەر خۆشی دەیەوێ چیرۆك بگێڕێتەوە، واتە کۆمەڵێك سەربردە و گێڕانەوە لەناو گێڕانەوەی سەرەکین، دوای پێشەکییەکی کورت، بگێڕەوەی سەرەکی لەگەڵ دەرچوونی ڕێبوار و

جیابوونەوەی لەگەڵ نیان، تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی بەیەکەوەیی ڕێبوار و نیان خۆیان، پاشان کەسایەتییەکی دیکە، کە بە ڕێککەوت ڕێبوار دەیناسێ سنوورە، سنوور جێگەی نیان دەگرێتەوە. وێڕای ڕێگا بڕین دیسان گەڕاوەنە هەیە بۆ ژیانی ڕێبوار و نیان، پاشان سنوور جارێکی دی جێگەی نیان دەگرێتەوە.

زەمەنی ڕووداوەکان زەمەنی واقیعی ئەمڕۆیە، ئەمەش پێچەوانەی زەمەنی خەیاڵی ڕۆمانی پێشووە، سەردەمی کۆچی بە لێشاوە بۆ ئۆروپا، شەڕی داعش و تەقینەوەکانی پاریس. گێڕانەوە لەسەر زمانی حیکایەتخوانە، کە وەك کەسایەتییەك دیارە، ئەم کسایەتییەش زیاتر ڕێبوارە کە نوێنەرایەتی دەنگی نووسەریش دەکات، تەکنیکی گێڕانەوە، وەسف و گێڕانەوە و دیالۆگی وەسفییە، دیالۆگی ڕاستەوخۆ کەمە. بەڵام شێوازی گێڕانەوە بە شێوازی ترازان[1] و وەردبوونەوە یان بچووککردنەوەی شتەکانە[2]، کارکردنە لە نێو وردەکارییەکان، ئەمەش بێگومان وەك شێوازێکی توێکاری و ئەناتۆمی وەسف و گێڕانەوەکان و شتەکان و هەست و بینینەکان دێتە بەرچاو، باسکردنی ژیانی ڕۆژانە و شتەکانی ژیانی ڕۆژانە و وێناکردنیان و گونجاندنیان لەگەڵ تێمای سەرەکی ڕۆمان کە ژیان و ڕووداوەکان و هەڵکەوتەکانی سەردەمەکەیە، تێکچوون و پەرتەوازە بوون و نەمانی ماناکان. بەم شێوازە نووسەر هەموو شتێك دەگێڕێتەوە، پەیوەندی لۆژیکی و لێك‌گرێدانەوە لە نێوان هەموو شتێك ڕێکدەخا، ئەمەش بێگومان لە ئەزموونی عەتا محەمەد مێژوویێکی هەیە، لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی پێشووش هەست بە هەمان خەسڵەت و مێتۆدی کارکردن دەکرێ. لەم ڕۆمانە و تا ڕادەیەکش لەوانی تری نووسەر، لە شێوازی گێڕانەوە هەست بە کاریگەری و شێوازی بۆرخێس و تابوکی و جۆزێ ساراماگۆ دەکەین، شێوازی مینیمالیزم، بێگومان شێوازێکی نوێیە، ئەوەندە لە ئەدەبی کوردی و لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا باو نییە.

بگێڕەوە وەك کەسێکی ئازاد دەردەکەوێ، شتەکان وێڕای قووڵبوونەوە بە سادەیی دەخاتەڕوو، شێوازی مینیمالیزم، شێوازێکە لە ڕستەی کورت، وشەی سادە و بێ ڕەهەندی جۆربەجۆر دەخرێنەڕوو، ئایدیا بە ڕەهەندە قووڵەکانیش بە سادە و ساکاری و بێ ئاڵۆزی دادەڕژرێن، ڕووداوەکان یەك لە دوای یەك دێن بێ ئەوەی تەرتیبێکی تایبەتی هەبێ، زمانی مەجازی و پڕ لە ڕەوانبێژی و جوانکاری زۆر کەم هەستی پێدەکرێ، بەڵکو ئەمانە لە شێوازی گێڕانەوەکان هەستی پێدەکرێ، دەشێ بە شێواز و لۆژیکی فینۆمینۆلۆژی دابنرێ، ڕووداوەکان، وێناکان، وەسفەکان

[1] Fragmentation.
[2] Minimalisme.

ورد و بچووك دەكرێنەوە، زۆر كەم لێكدانەوەی سایكۆلۆژی یان كۆمەڵایەتی هەیە، بەڵكو شتەكان بە هەقیقەتی خۆیان بە وردی دەخرێنەڕوو. (رۆی،[1] ١٩٩٣: ٣-١٠)

ئەم مێتۆدەی ترازان و هەڵوەشاندنەوەیە بە ئاراستەی پیشاندانی وردەكاری لەمەڕ شت و پەیوەندییەكان ڕاستەوخۆ لە ناونیشانی لاوەكی بەشەكان هەستی پێدەكرێ، چونكە نووسەر رۆمانەكەی دابەشی سێ بەش كردووە یان دابەشی سێ پار كردووە، هەر پارێك دابەشی چەند بەشێك كراوە، بۆ هەر یەكێكیش ناونیشانێك هەیە وەك: ڕەگەزی زەمەن، هونەری چێشت لێنان و هونەری خۆشەویستی، سەلاتەی مریشك و ژنكوشتن، ڕژانی كوپێك قاوە و گۆڕینی چارەنووس، مرۆڤ و سێبەرەكەی.

**٤-٣- رۆمانی *یاداشتی عەتر و ئاگر* نووسینی بەیان سەلمان**

لە ڕۆمانی *یاداشتی عەتر و ئاگر* سترەكتووری ڕووداو گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو وێڕای گێڕانەوەیەكی كرۆنۆلۆژیانەی ژیانی شكۆمەندانەی ژنەخانەدان و كەسایەتییەكی ناسراوی شارێكی كوردستانە (كەركوك). لەم ڕۆمانە ڕووداوەكان ئەوەندە ئاڵۆز نین، بەڵكو گێڕانەوە[2] بۆ خۆی ڕووداوی سەرەكی ئەم ڕۆمانەیە، نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی ڕابردوو بەڵام وەك ئەوەی ڕووداوەكان ئێستە ڕووبدەن. لەم ڕۆمانە زەمەن و فەزای گێڕانەوە ئێستێتیكیی خۆیان هەیە بێ ئەوەی نووسەر لە دارشتن زمانێكی ئەوەندە شیعری هەبێ، خەیالأ و زمان هەڵكەوتی ئێستێتیكی خۆیان هەیە بەڵام لەناو هەڵكەوتێكی وەسفی واقیعی و سەخت. لە بەشی یەكەمی ڕۆمانەكە زۆربەی كەسایەتییەكان، وەسفی شوێن، وەسفی هەڵكەوتی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی سەردەمەكە ناسێندراوە. دیالۆگ زۆر كەمە و بگرە هەر نییە، ڕۆمانەكانی دیكەش هەمان كێشەیان هەیە، بێگومان دیالۆگی یان دیالۆگی ڕاستەوخۆ جۆرێكە لە گێڕانەوە، تەنیا لە ڕۆمانی *سەردەمی گریانی بەلقیس* دیالۆگی راستەوخۆ ئامادەیی زۆرترە، ئەگینا لە هەموو ڕۆمانەكانی دی و بە گشتی لە رۆمانی كوردی، دیالۆگی ناراستەوخۆ وەك: گوتم، گوتی، دەیگوت، هەڵكەوتێكی گشتی هەیە. دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕوانگەی مۆریس بلانشۆ تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە وەسف و بنیاتنانی گوتار، ئەو پێیوایە لە ڕۆماندا «پێویستە ناوناوە قسە بدرێتە كەسایەتییەكان خۆیان قسە بكەن، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێكە لە ئابووری وەسفكردن و وەك پشووێكیشە بۆ نووسەر بەڵام زیاتر بۆ خوێنەر» (لویی رەی، 1992: 85).

هەر لە ڕوانگەی ئەوەوە، دیالۆگ بۆ خۆی بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەسفێكی شانۆییانەیە و خەسڵەتی جۆریكە لە شیعرییەتیش. لەم ڕۆمانە دیالۆگ بایەخێكی ئەوتۆی نییە،

---

[1] ROY.

[2] La narration.

به گشتی وەك دیاردەیەکی نوێ لە زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکان تا ئێستە دیالۆگ ئامادەگی و قورساییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوەی کە زۆر زاڵە، وەسف و گێرانەوەیە، گێڕانەوی وەسفی، لەم ڕۆمانە وەسف قورساییەکی زۆری هەیە، دەتوانین بڵێین هەڵکەوتێکی ستوونی هەیە، وێڕای وردەکارییەکی زۆر. نووسەر وێنەی کەسایەتییە سەرەکییەکان وەك باجەخان، دەوڵەت و نەشمیل و داستان و ئەوانی دی بە وردی وەسف دەکا، وەسفی شوێن و کەلوپەلی سەردەم و ئەکسێسوارەکان گرینگییەکی زۆریان پێدراوە، بەرگ و پۆشاکی کەساتیەکان کە ئاستی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئاستی رۆشنبیری و رەفتاری کەسایەتییەکان پیشان دەدا. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە باس لە دوو نەوە دەکرێ، نووسەر باس لە سەردەمەکان و گۆڕانەکان دەکا، باس لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، ژنی چینی باڵا، ژنی چینەکانی دی، لەم نێوانەش نووسەر باس لە کێشەی ناسنامە و ژیانی هەندەران و جیاوازی نێوان دوو کولتوور یان ژیان لە تاراوگە و ژیان لە وڵات دەکا، وڵاتیش لە هەڵکەوتێکی ژیاری و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەخت.

بەڵام لە بنچینەدا ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی ژیان و سەردەمێکی لە دەستچووە، گەڕانەوەیە بۆ رۆژگارە جوانە لە دەستچووەکان، ئەو رۆژگار و ژیانە جوانە کە نووسەر بە دوایدا وێڵە، سەردەمانێك ژیان مانای هەبوو، لەناکاو هەموو شتێك دەڕووخێ و پەرتەوازەیی و گۆڕان و نەمانی مانای شتەکان بەقەرار دەبێ، نووسەر بە شێوەیەك لە فیگوری کەسایەتییەکی بەرز و پایەبڵند «باجەخان»، دەیەوێ باس لە ڕووچوون و نغرۆبوون بکا، باس لە سەروەری و شکۆمەندییە لە دەستچووەکان بکا، ئەو کاتەی ژیان مانایەکی هەبوو، بەڵام ئێستە ئەو مانایە نەماوە، سەردەمی لێکترازان و پەرتەوازەیی لێکدوورکەوتنەوە و نەمانی مانایە، سەرەنجام هەوڵی نووسەر وێڕای باسکردنی دوو جیهان، کوردستان و تاراوگە، باس لە دوو سەردەم دەکا کوردستانی سەردەمی ژیانی مانادار و کوردستانی سەردەمی ژیانی لەدەستچوو. کوردستانی پێش گورانەکان و دوای گۆڕانەکان، کوردستانی سەردەمی یەکانگیری ڕوانین و نیگا و ژیانێکی تا ڕادەیەك ئاسوودە، کوردستانی سەردەمی نەمانی ڕوانین و نیگا و لێکترازان.

ئەم ڕۆمانە سترەکتورێکی گێڕانەوەی هونەری هەیە، گێڕانەوە و زەمەن و پڕکراون لە ئێستێتیکا، گێڕانەوە لەسەر ڕیتم و ژیانی درەختێك داڕێژراوە، ئەمەش دار کەباتە (نارنج)، ڕووداوەکان ئەو ساتە دەست پێدەکەن کە خەریکە کەبات نامێنێ، پاشان ئەم درەختە پایز و بەهار و هاوین دەبینێ، سەرلەنوێ دەبووژێتەوە و سەرلەنوێ بەر دەگرێتەوە، لەگەڵ نەمانی بەرەکەی جارێکی تر دەمرێ بەڵام زیندوو دەبێتەوە، لەم ڕۆمانەش گێڕانەوە تەواو دەبێ بەڵام هیچ شتێك هێشتا کۆتایی نەهاتووە. ئەم درەختە ڕوخساری ئێستێتیکی تەواوی سترەکتوری گێڕانەوە و خەیاڵی ئەم ڕۆمانە دەخاتەڕوو، ڕووداو وەك بازنەیەکە، لەگەڵ سیس بوونی درەخت دەست

پێدەکات و لەگەڵ جارێکی دی سیسبوونەوە کۆتایی دێ، ئەمەش بەو مانایە دێ، دەبێ هەموو شتێك لەناوبچێ و سەلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. بازنەی مەرگ و لە دایکبوونەوە، ئەوەی لەم نێوانە دەمێنێتەوە بیرەوەری و وێنەکانە، ئەم بازنەیە تەواوی زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە، نزیکەی ساڵێك دەخایەنێ، کۆتایی ڕووداو دەبێ سەردەمی ئێستە بێ، بەڵام زەمەنی بابەتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە سەردەمێکی دوور و درێژە، نزیکەی بەلای کەمی پەنجا شەست ساڵێك دەگرێتەوە. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم تا ئەمڕۆ، بەڵام ڕووداوەکان ئەو ساتە دەست پێدەکەن کە کۆمەڵە کچێك لە نەوەی سێیەم سەردانی باجەخان دەکەن، لێرەوە ئێمە لە ناو گێڕانەوەوین بەرەو ئایینده دەڕۆین وێڕای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

لەم ڕۆمانە کۆمەڵێ پرسیاری سەرەکی دەکرێ، لەبەرچی ئێمە پێویستیمان بە ژیاندنەوەی ڕابردووی شکۆمەندانەیە، لەبەرچی جوانییەکان بزربوون، کێشە چیە مرۆڤی کورد نەیتوانیوە جوانییهکان و ماناکان، ئەو ژیانە دەوڵەمەندەی لە ڕابردوو هەیبووە بیپارێزێ، ئەی هۆکاری سەرەکی ئەم ئاوەژووبوونە چی بووە. ئامانجی نووسەر وێناکردنی سەردەمێکە، ئەمەش وێناکردنێکی ژیانی واقیعی ئەمڕۆیە بۆ ڕووخان و هەڵسانەوەکان، ئەمەش لە وێناکردنی کەسایەتییەکان و پەیوەندییەکان و شتەکان دەردەکەون، ئەم شێوازی نووسینە کە هەندێ جار بە لای گێڕانەوەی ئۆتۆبایۆگرافیش دەشکێتەوە، دەتوانین لە شێوازی گێڕانەوەی پروست[1] نزیکی بکەینەوە، لەم ڕۆمانە، تەواوی کەسایەتییەکان، سەرەکی و لاوەکییەکان، بایۆگرافی و وێنای تایبەتی خۆیان هەیە، نووسەر باس لە پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکا، بە هەمان شێوازی پروست باس لە دەستچوونی خۆشەویستی و ژیانێك دەکا کە مرۆڤەکان تێیدا بەختەوەربوونە.

کەسایەتی بگێڕەوە هەر خودی نووسەرە، لە بەشی کۆتایی (دوا لەتی کەباتێك) خۆی دەناسێنێ و کۆتایی بە گێڕانەوە دەهێنێ. نووسەر یان بگێڕەوە ژیانی کەسایەتی سەرەکی باجەگەورە دەگێڕێتەوە، بەڵام دەبینین ئەوەی دەگوترێ لەم بارەیەوە، دەشێ هەر ژیانی بگێڕەوە خۆی بێ، هەر خۆیشی قسە دەکا و هەر خۆیشی پاڵەوانی سەرەکییە، ئەمەش هەمان بایۆگرافی کەسایەتی سەرەکییە، بەو مانایەی ئەویش ژنێك بووە، وەك کەسایەتی سەرەکی هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی بە تەنیا ژیاوە، ئەمەش دەشێ لە بنچینەدا وەسفێك بێ بۆ کەسی ئازاد، سەرەنجام تەواوی ڕۆمانەکە باس لە ئازادی دەکا، گیانێکی زیندوو و نیگایەکی وشیار بەسەر سەردەم و ژیانی خۆی و ژیانی ئەوانی تر.

[1] Proust.

### ۴-۴- ڕۆمانی *سەردەمی گریانی بەلقیس* نووسینی جەبار جەمال غەریب

ڕۆمانی *سەردەمی گریانی بەلقیس* وەك یەكێ لە ڕۆمانە سەرنجڕاكێشەكان دێتەبەرچاو كە بە گێڕانەوەی هونەری و وەسف و دیالۆگی وەسفی و ڕاستەوخۆ یەكانگیرییەكی زۆری هەبێ، بە تێكستێكی سەركەوتوو لە قەڵەم بدرێ. ئایدیای سەرەكی ئەم ڕۆمانە بە زۆر شێوە دەشێ لە دەورەی پەیوەندییەكانی نێوان ژن و پیاو بێ لە سەردەمی تازە، ژیانی ئەمڕۆ، كێشەكانی نێوان ژن و پیاو، نەوەی تازە و نەوەی كۆن، كێشەی نێوان نەوەكان، كێشەی نێوان بیری نەریتی و بیری هاوچەرخ، گۆڕانەكان، قووڵبوونەوەی فیكری نەریتی نێگەتیڤ و دەربازبوون لێیان، تێمای خۆشەویستی، وەك هەڵكەوتێكی نوێخواز و ڕوو لە ئایینده و شەڕی بیری نەریتی و واقیعی سەخت و نێگەتیڤی پێدەكرێ، چۆن نەوەی دووەم دەبنە قوربانی نەوەی یەكەم و هەست بەچەوساندنەوە و داپڵۆسین دەكەن، چۆن دەیانەوێ لە زنجیر و ئەڵقەی نەریتخوازانەی كۆمەڵ و سەردەمی فیكری نێرانە[1] ڕزگاریان بێ و چۆن نەوەی یەكەم هەڵسوكەوت لەگەڵ نەوەی دووەم و سێیەم دەكا، چۆن مرۆڤ لە خاوەنداری و ملكایەتی نەوەی یەكەم ڕزگاری دەبێ و كارەسات نێوانەكان پڕ دەكاتەوە. پاشان نووسەر ستاتوی واقیعی، كۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕوحی ژن دەخاتەڕوو كە لەناو زنجیرەیەك ئەڵقەی كۆمەڵایەتی و ڕەمزی و كولتووری نەریتی و باو دەژیێ، چۆن ژن بە بوونەوەرێكی لاواز و هەڵخەڵەتێنەر و ترسناك دەخرێتەڕوو، لە پاڵ ئەمەشەوە كێشەی جیاوازی داب و نەریت و باڵادەستی كولتووری ناوچەیەك بەسەر ناوچەیەكی دی، ژیانی كۆمەڵایەتی كۆمەڵانی خەڵك لە ناوچە و شارە جیاوازەكان، ناكۆكی شاری نوێخواز و شاری نەریتی، نەبوونی ئازادی و ڕاونان و تۆقین و تیرۆری ساڵانی هەشتاكانی سەردەمی ڕژێمی بەعس، تەسكبوونەوەی بازنەی ژیان بە كۆمەڵێك ئایدیا و ئایدیۆلۆژی و نەریتی كۆن و نوێ.

كەسایەتییە سەرەكییەكان بریتین لە بەڵقیس و نیان و سەروەر. نیان و سەروەر لە دوا ساتەكانی ژیان و خوێندنی زانكۆیین، بەڵقیس دایكی نیانە. تەواوی ڕووداو و گێڕانەوەكان لە دەورەی ئەم سێ كارێكتەرەیە، وێڕای كەسایەتییە لاوەكییەكان كە كەسانی خانەوادەی نیان و سەروەرن، كەسایەتی دوورتر وەك هاوڕێ و دۆستەكانیان. هەر یەك لەم كەسایەتییانە لە درێژەی وەسف و گێڕانەوە، وێنای كەسایەتی و پایەی كۆمەڵایەتی و باڵادەستی و ژێردەستەییان كراوە، كەسانی ئازاد و كەسانی بێ ئیرادە، كەسانی كۆیلەی نەریت و نەریتی باوی لۆكالی و جیاوازی نێوان دوو گروپ لە خەڵك و ناوچە. سەردەمی ڕووداوەكان ساڵانی هەشتاكانە، سەردەمی پێش هاتنی گۆڕان و وەرچەرخانەكانە، سەردەمی ترس و داپڵۆسین و ئیدیۆلۆژی دەوڵەتی سەركوتكاری بەعسە. گێڕانەوە لە زەمەنێكی كراوە هەڵكەوتووە، دەشێ ناوی لێ بنێین زەمەنی چیرۆك و ڕووداو

---

[1] Masculinisme.

یان زەمەنی گێڕانەوە، تێمایەکی واقیعی و زەمەنێکی واقیعی، بگێڕەوە کەسێکی نادیارە و بە زۆر شێوە نوێنەرایەتی نووسەر و دەنگی نووسەر دەکا. بگێڕەوە بە زمانێکی سادە و روون و قووڵ، بە وەسفی راستەوخۆ، دیالۆگی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەدوێ، گەڕانەوە و وەسفی رابردووش هەیە، لە کاتێکدا تەواوی رووداوی ڕۆمانەکە لە زەمەنێکی رابردووە، بەڵام دەشێ وەك مۆدێلێکی رێنوێنی وەربیگرین بۆ ئاییندە.

لە ڕاستیدا وەسف و زەمەن و گێڕانەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە، لە پاڵ ئەمانەش بە سەرهات و سەربردەش هەیە، ژێرار ژێنێت بۆ رەواندنەوەی تەم و مژی لە گێڕانەوە باس لە سێ جۆر سەربردە یان بەسەرهات یان گێڕانەوە دەکات، «١- سەربردە[1] یان بەسەرهات: وەك ڕەمز، ناوەرۆك، گوتار یان تێکستی بگێڕەوە کە سەر بە زەمەنێکە. ٢- مێژوو: وەك مانا یان ناوەڕۆکی گێڕانەوە ٣- گێڕانەوە: واتە کردەی گێڕانەوە خۆی. ڕۆماننووس لە جیاتی تەنیا ڕووداوەکان بگێڕێتەوە ئەو خەیاڵێك[2] رێکدەخا، هەوڵدەدا شانۆی کردەکان جۆراوجۆر و دەوڵەمەند بکا» (هەمان: ١٠٩).

سەبارەت بە زەمەن، لە ڕۆمان هەردەم چەند زەمەنێك هەیە وەك زەمەنی گێڕانەوە، زەمەنی تەکنیکی یان زەمەنی ڕووداوەکان، ڕۆمان یان گێڕانەوە بۆخۆی هونەری ڕێکخستنی زەمەنەکانە. هەموو گێڕانەوەیەك شیکردنەوە، بەراوردکردن، مەجاز و پێشخستن و دواخستن و گەڕانەوەی تێدایە «ڕۆماننووسی هاوچەرخ خۆبەخشانە زەمەن وەك چوارچێوەیەکی کردە و ڕووداو نابینێ، بەڵکو وەك عونسرێکی بیرکردنەوەی جەوهەری ڕۆمان دەبینێ، پرسیارکردنەوە لە زەمەن دەرخستنی بیرکردنەوەیە لە سروشتی ژانرەکە خۆی» (هەمان: ١٢٧). ڕووداو لەم ڕۆمانە لە دەورەی چیرۆکێکی خۆشەویستییە کە نیان و سەروەر نوێنەرایەتی ئەم دوو خۆشەویستییە دەکەن، کە وەك تێمایەکە بۆ دەربازبوون لە فیکری نەریتی و کاریگەری نەوەی یەکەمی باوکان و دایکانی گۆشکراوی ناو نەریتەکانی خێزان و کۆمەڵ لەسەر نەوەکانیان کە بە ئاراستەیەکی دی دەڕۆن. نووسەر باس لە خۆشەویستی نێوان دوو کەس دەکا کە بە زۆر شێوە و شێواز لە زۆر ڕووەوە لێکجیاوازن، یەکێکیان لە خێزانێکی دەوڵەمەندە و سەر بە باڵادەستی شارێکی نوێیە، بە ڕواڵەت وەك خۆی، بە شارێك پێناسە دەکرێ نوێنەرایەتی نوێخوازی بکا، ئەویتریش سەر بە شارێکی نەناسراو و تەواو نەریتی و تا رادەیەکیش خێڵەکییە. سەرەنجام دوو خێزانی تەواو لێکجیاواز خۆشەویستی نیان و سەروەر ئەم دوو جیهانە جیاوازە، ئەم خێزانە، ئەم دوو شارە جیاوازە، ئەم دوو هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییە جیاوازە دەهێنێتە بەرانبەر یەکتر، ئەمەش وێڕای بوونی جیاوازی و

---

[1] Récit.

[2] Fiction.

تێکنەگەیشتن لە نێوان نەوەکان. ئەمە بەیەکگەیشتنێکی پڕ لە تێنەگەیشتن و پڕ لە ناکۆکی و دووبەرەکییە، ئەنجام بە خۆکوشتن و بزربوونی نیان و سەروەر کۆتایی دێ.

گێڕانەوەکان، ڕووداوەکان لە دەورەی کەسایەتی سەرەکی کە بەڵقیسی دایکی نیانە ڕوودەدەن، ئەو ژنێکی نەریتییە و کێشەی ژنایەتی نییە و داواکاریشی نییە، ئەمەش وێناکردنێکی جوانی نەوەی یەکەمی دایکان و باوکانە، بەڵقیس هەست دەکا ملکی مێردەکەیەتی، بەڵام ئەو وێڵی دوای ئاوارەبوونی کچەکەیەتی کە کەوتۆتە ناو پەیوەندییەکی ناکۆك و ناو جوگرافیایەکی بێگانە و ناو مەترسی و هەڵکەوتێکی نامۆ، گریانی بەڵقیس لە یەك کاتدا، گریانی دایکێکی بێ دەستەڵاتە بۆ خۆی و بۆ کچەکەی، گریانی نەوەی دایك و باوکانیشە لەسەر ئاوارەیی و ڕوو لە مەترسی نەوەکانیان، لە هەمان کات ئەم گریانە گریانی ناڕەزایەتییەك، ڕاپەڕین و ڕاچڵەکینێکە دژ بە سەردەم و ناکۆکی و جیاوازییەکان. لەولاشەوە گێڕانەوەی ژیانی ژنێکە بەرانبەر بە خۆشەویستییەك کە تێی ناگا، خۆشەویستیش لەناو سەردەمێکە زیاتر بەو سەردەمە دەچێ کە مارکیز پێی وایە سەردەمی کۆلێرایە، واتە سەردەمی دیکتاتۆرەکان، خۆشەویستی لەناو فەزای داپڵۆسین و سەرکوتکاری ڕژێمی بەعس، دواجار دەشێ ئەم خۆشەویستیە وەك هاوار و ناڕەزایەتییەکیش بێ دژ بە هەڵکەوتی کۆمەڵا و خێزان و دژ بە فەزای داپڵۆسێنەری کۆلێرا. نووسەر دەیەوێ باس لە نەمانی خۆشەویستی بکا، بە تایبەتی دەیەوێ باس لە نادیاری ئایندە و چارەنووس بکا، سترەکتوری ڕووداو لە چوارچێوەی گەڕانی کەسایەتی سەرەکییەوە دەست پێدەکات وەك خاڵی بەرایی، بەڵقیس لە کچەکەی دەگەڕێ، بەڵام ڕووداو ئاڵۆزیی تێدەکەوێ، وردەکاری تێدەکەوێ، تا دەگاتە گەیشتنی هەواڵی دیارنەمانی نیان و سەروەر، لێرەشەوە بیری خۆکوشتن زیاتر زاڵە، بەڵام دواجار ئەمەش بە نادیاری دەمێنێتەوە. لە ڕووی شوێن و فەزای ڕۆمانەکە، دەشێ ئەم ڕۆمانە وەك ڕۆمانی *پاسەوانەکانی خودا* و *یاداشتی عەتر و ئاگر*، وەك ئەوان جوگرافیایەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێ، لەم ڕووەوە دەشێ *سەردەمی گریانی بەڵقیس* هەنگاوێك لە پێش ئەوانی تر بێ، چونکە شوێنی ڕووداوەکان دیارە، شارەکانی کوردستانی عێراقە هەولێر و سلێمانی لەگەڵ شاری بەغدا. هەر شوێنێك لەم شوێنانە نوێنەرایەتی کولتوور و کەسایەتییەکی جیاواز دەکەن وەك: نەریتپارێز، نوێخواز، پێشەنگ و خێڵەکی، لە هەمان کات زمان و شوێنە لاوەکییەکانیش وەك ماڵ و گەڕەك و شوێنی تر هەموویان ڕوون و دیارن، نوێنەرایەتی هەمان جیاوازی و تێکنەگەیشتن و نەریتەکان دەکەن.

### ۴-۵- ڕۆمانی *دەریاس و لاشەکان* نووسینی بەختیار عەلی

لە ڕۆمانی *دەریاس و لاشەکان* ئایدیای سەرەکی ئەم ڕۆمانە وەك لە بەشی یەکەم خراوەتەڕوو کە دەروازەی چوونە ناو فەزا و خەیاڵی ڕۆمانەکەیە، ژیانی پاش ڕووخان و نغرۆبوونەکانە، ژیانی بە

کۆیلەبوونی مرۆڤی هاوچەرخە، ژیانی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و سەردەمی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینەکانە، ژیانی سەردەمی نەوەی سێیەمی شۆڕشگێڕەکانە، چۆن هەمووو شتێك دەڕووخێ، هەموو شتێك لێك دەترازێ و ورد و خاش دەبێ، کەسایەتییەکان، پەیوەندییەکان، هیچ شتێك مانای نامینێ، وڵات، تاکەکەس، بێهوودەیی بەرقەرار دەبێ و پەیوەندی و شتەکان کاڵدەبنەوە. کەسایەتییەکان، ڕەگ و ڕیشە و پایەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی دەروونی و توانای ڕۆشنبیریشیان بە جوانی پیشاندراوە. لەم ڕۆمانە هەموو شتێك بە گێڕانەوە و وەسفی ڕاستەوخۆیە، دیالۆگی راستەوخۆ زۆر کەمە بگرە هەر نییە، ئەگەر هەشبێ دیالۆگی وەسفییە، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك لە لاوازییە بەڵام جۆرێکیش لە ڕەوانی گێڕانەوەشە. سترەکتوری گێڕانەوە ریتمێکی کرۆنۆلۆژی نییە، بەڵکو کارکردنە لە نێو ئایدیا و ڕووداوە پەرش و بڵاوەکان وێڕای بوونی ڕووداوێك یان چیرۆکێك وەك دەمارێك، ئەویش چیرۆکی چەند کەسایەتییەکە وەك ژەنەڕال بیلال و دەریاس و ئەوانی تر کە هەموویان بە یەکەوە گەشە دەکەن. گێڕانەوە لەسەر زمانی بگێڕەوەی نادیارە، بەڵام دەشێ ئەو بگێڕەوەیە وەك کەسایەتییەکی سەرەکی وەرگرین کە نووسەر خۆیەتی، هەڵبەت لە پاڵ کەسایەتییە سەرەکییەکان وەك: ئەلیاس و دەریاس و ژەنەڕال بیلال، بێگومان دوای مردنی سەردار قەمەرخان و ئەمیر تەلاران کە کەسایەتی سەرەکی نەوەی یەکەمی ڕووداوەکانن، بەڵام ئێستا ئەم دوانە کۆتاییان هاتووە، بگێڕەوە باس لە ژیانی ژەنەڕال بیلال دەکا، لە پاڵ ئەمەشەوە وەك تێمای سەرەکی و کەسایەتی سەرەکی باس لە ژیانی دەریاس بە پلەی یەکەم و ئەلیاس بە پلەی دووەم بە تەریبی دەگێڕدرێتەوە، بێگومان وێڕای کەسایەتییەکی زۆری تری لاوەکی.

لە زۆر ڕووەوە کەسایەتی بگێڕەوە، ئەوەی چیرۆك دەگێڕێتەوە، هاوتایە لەگەڵ کەسایەتی دەریاس، وەك وێنایەك ئەو ئایدیا سەرەکییەی ڕۆمانەکە ڕەپێشی دەخا، کە مەرگ و لەناوچوونەکانە، نەمانی ئەفسانەکان، بێهوودەیی، کاڵبوونەوەی ماناکان، تێکچوون و لێکترازان و داڕمانەکانە، چونکە کەسایەتی دەریاس بە زۆر شێوە نوێنەرایەتی کەسایەتی سایکۆلۆژی ئەو دەکەن، دەتوانین بڵێین نوێنەرایەتی نووسەریش دەکەن. لەم ڕۆمانەدا کەسایەتیی بگێڕەوە دەنگێك نییە تەنیا ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداو و شتەکان بێ، بەڵکو دەنگێکە هوشیارە بەرانبەر بە پەیوەندی و شتەکان، هەقیقەتی پێکهاتەی ڕۆمانەکە، واتە ئایدیا سەرەکییەکانی نووسەر دەخاتە ڕوو، ئەمەش وادەکا لەناو ڕۆمانەکە، لە گێڕانەوەکان هەست بە نووسەر بکرێ، بێگومان ئەمەش وەك خەوش دەردەکەوێ، ئەم حاڵەتەش هەردەم لەو ڕۆمانانەدا هەستیان پێدەکرێ کە دینامیزمی گێڕانەوە لەسەر بنچینەی ئایدیایەکە نەك ڕووداوێك، سەرەنجام نووسەر دەبێ شتەکان، فەزا، شوێن، خەیاڵ، لۆژیك و ڕووداو و تێککردنەوەکان بنیاتبنێ، هەموو شتێك وەك

تەونێك بچنێ، لەم چنین و بنیاتنانە هەردەم لاوازی و خەوشەکان بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە، ئەم خەوشەش دەشێ خۆی لە بوونی خەسڵەتی زمان و شێوازێکی گوتاریی پیشان بدا وەك گێڕانەوەی رووداوێك کۆمەڵێك مانا و مەودای عاتیفی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لێ بخوێندرێتەوە.

لەم ڕۆمانە و لە زۆر ڕۆمانی تری هاوچەشنی ئەمە، جۆرێك لە پارادۆکسی گێڕانەوە و چنین هەیە کە وەك لاسەنگییەك دێتە بەرچاو، ئەمەش واتە رۆمان بریتییە لە چنینێکی خەیاڵی وەك زەمینەسازی و بنچینەی رووداوی ڕۆمانەکە، هەڵبەت بە سوود وەرگرتن لە واقیعێك کە لە خەیاڵەکە قورسایی زۆرترە، ئەگەر گریمانەیەك بکەین و بڵێین ژیانی واقیعی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە تایبەتی کورد) لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان سەختترە وەك چۆن وێنایان بۆکراوە، واتە واقیعی دەرەوە سەختترە لەو خەیاڵ و رووداوانەی لەم ڕۆمانانە دەگێڕدرێنەوە، بۆیە ئەم لایەنە وەك هەڵکەوتێکی خەیاڵی و بە سیفەت لاواز دەردەکەوێ، پاشان دەبێ سەرلەنوێ واقیعی مرۆیی ئەگەر بشێ پێی بخوێندرێتەوە، هەر ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە لاوازی پەیامی گشتی ڕۆمانەکە کە دەیەوێ بیگەیەنێ. وەك زەمەنی بابەتی گێڕانەوە، ڕۆمانەکە باس لە ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی و ئیدیۆلۆژی و هاتو چوونی ئایدیا و ڕوانینەکان دەکا لەم سی ساڵەی دوایی ژیانی کورد. وەك شوێن، هەموو شتێك لەناو هەڵکەوتێکی والا و مەجازی و خەیاڵی دەخولێتەوە، شوێن دەشێ هەموو شوێنێك بێ لەسەر ئەم گۆی زەمینە، شوێنەکان گشتی خەیاڵین، ئەمەش دیسان یەکێ لە خەوشەکانی ئەم ڕۆمانەیە کە تایبەتمەندی شوێنی کوردی لێ ناخوێندرێتەوە، بە پێی پرەنسیپەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەبێ لە کوردستان بن، بەڵام کوردستان لە کوێ، پاشان ئەو پرسیارەش دەکرێ، بنیاتنانی ئەم تەومژە لە پێناوی چیدایە، ئەی ڕۆمانی کوردی نابێ وێنای واقیعی و خەیاڵی جوگرافیا و ژیانی کوردی بکا، نابێ نوێنەرایەتی ناسنامەیەك بکا کە بریتییە لە ناسنامەی نووسەر وەك هەڵکەوتێکی مرۆیی نەك هەڵکەوتێکی دیکەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان هەڵکەوتێکی دیکەی دروستکراو، بۆیە دەشێ ئەو شارانەی نووسەر وێنایان بۆ دەکا، دەشێ و دەگونجی بڵێین شارێکی وەك بەغدایە، یان تاران یان کابولە.

ئەم هەڵکەوتە خەیاڵییە بۆ تەواوی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەش ڕاستە، بەو مانایەی دەشێ لەگەڵ هەر ناوەندێکی هاوشێوەی کوردستان خاوەن هەمان هەڵکەوتی ژیانی واقیعی بگونجێ، هەر لەبەر ئەم دیاردەوە، ئەم ڕۆمانە لە چاو ڕۆمانەکانی دی کە مەسەلەی ڕووداو و شوێن زۆر ڕوون و ئاشکرایە تیایاندا، لاوازە، بۆیە پلەیەك لە خوارەوەی ئەواندایە، چونکە شوێنی مەجازی وەك هەڵکەوتێکی خەیاڵی دێتەبەرچاو ناشێ ببێتە نوێنەری جوگرافیایەکی دیاریکراو کە شوێنی ڕوودانی ڕۆمانەکەیە. زەمەن و گێڕانەوە و رووداو گشتی خەیاڵین، واتە چنینێکی خەیاڵییە دەشێ ڕەهەندی واقیعی لێ ببێتەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە زیاتر لە حیکایەتەکاندا هەیە وەك لە رۆمانێکی

مۆدێرن بیەوێ کاریگەری هەبێ لەسەر پەیوەندییەکان و مرۆڤەکان، دەریاس وەك کەسایەتی سەرەکی تەواو پێچەوانەی ژەنەڕاڵ بیلالە، ئەویان باوەڕی بە شۆڕش و خەبات هەیە، وەك سەرکردەیەکی ئەفسانەیی سەردەمی ڕووخانەکان، وەك کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن پەرجوو وێناکراوە، تەواوی نیگاکان لەسەر ئەوە، دەریاسیش وەك هاوتای ئەو، لایەنی ڕەمز و کەسایەتییەکە نوێنەرایەتی ئەنجامەکان دەکا، ژەنەڕاڵ بیلال بە شۆڕشەکانی هەموو شتێك تێکدەدا، دەریاس وەك پاککەرەوە و خاوێنکەرەوەی کارەساتەکانی ئەو شۆڕشە دێتە بەرچاو، پاشماوەی شۆڕشەکان پاك دەکاتەوە، قوربانییەکان دەنێژێ. دەریاس ڕەمزێکە بۆ کەسایەتی بێ ناسنامە و بێگانە، ڕەمزێکە لە دوای مانا و بەرقەراری دەگەڕێ و دەیەوێ ئاشتی و ئارامی بگەڕێنێتەوە، کەسایەتییەکی بیرکەرەوەی بەهێزە بەڵام بە هۆی ئەوانی ترەوە خراوەتە ناو هەڵکەوتێکی پاسیڤ، لە نێوان ئەم دوو کارێکتەرە هەموو شتێك لێکدەترازێ و لەناو دەچێ، بە گشتی دەشێ بەو شێوەیە پێناسە بکرێ، شۆڕشەکان دێن و ئامانج لێیان بنیاتنانی ژیانێکی باشترە، بەڵام هەموو شۆڕشێکیش برینێك دروست دەکا، ئەمەش برینێکە شۆڕشێکی دیکەی دەوێ بۆ نەهێشتنی، هەر ئەمەش واتە ڕووخان و دارمانی هەمیشەیی. سەرەنجام دەشێ ئەم ڕۆمانە وەك دادگایی کردنی شۆڕشەکان بێتە بەرچاو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە، وەك فەزا و خەیاڵی ڕۆمانەکە، بوونی فەزایەکی فەنتاستیکییە، بەو مانایەی کە کاری دەریاس کۆکردنەوە و ناشتنی مردووەکانە، هەروا ئەو هەڵکەوت و وێنا فەنتاستیکییە کە ژەنەڕال بیلالی پێ وەسف دەکرێ، کە کەسایەتییەکی نادیارە، خاوەن ئایدیای ڕوون و ئامانجی ڕوون، بەڵام هەموو ئەمانە لەناو جۆرێك لە تەم و مژ و ناڕوونی بە سیما فەنتاستیکی، ژەنەڕال بیلال لە هەموو شوێنێکە و لە هیچ شوێنێکیش نییە، ڕۆمان و گێڕانەوەکان تا ئەو خاڵەی ژەنەڕاڵ بیلال دەمرێ و بزر دەبێ، یەکانگیرە و بێ گرێ و گۆڵە، هەموو شتێك وەك «پشکۆی ناو سەهۆڵە»، کە ئەمە یەکێ لە وێنا جوانەکانی ئەم ڕۆمانەبوو، بەڵام گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بیلال دوای مردنی وەك تارماییەك، کە هەڵکەوتێکی فەنتاستیکییە و ڕەمزێکیشە بۆ نەمریی ئایدیاکانی ئەو، لە شێوەی برای ئەو، یان پشتگیری کردنی بگێڕەوە لەوەی کە کەسایەتی ژەنەڕال بیلال هەر لە سەرەتاوە تا مردنی و تا دەرکەوتنی وەك برای ئەو، وەك تارمایی، پاشان تارمایی گۆڕ و مەزاری ئەو و پیشاندانی وەك نەمانی ژەنەڕالی ڕاستەقینە، بەو مانایەی بگێڕەوە دەیەوێ سەختی واقیع و پەیوەندییەکان پیشان بدا، تێکچوونی ڕووداوەکان و تێکچوونی گێڕانەوەشە، لێرەوە سادە و ساکارییەك دەکەوێتە ناو یەکانگیری بەرایی ڕۆمانەکە، هەموو شتێك هەڵکەوتێکی درێژدادڕی و پڕکردنەوە و ئاخنین وەردگرێ، ئم درێژدادڕییە جۆرێك

له هەڵکەوتی زۆرەملێ دەداتە گێڕانەوەکان، هەر ئەمەش وا دەکەن جوانی و خەیاڵی یەکانگیر لە بەشێکی گەورەی کۆتایی ڕۆمانەکە نەمێنێ.

یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی فەنتاستیکی لەم ڕۆمانە، بوونی ئەو ئەرشیڤخانەیەیە، کە هیچ پێناسەیەکی نییە، بەڵکو هەڵکەوتێکی ڕەمزی هەیە، زیاتر خەیالأ بۆ یەکێ لەو شوێنانەی کافکا دەدەچێ، کە وەك خەسڵەتێکی فەنتاستیکی کافکا دێتە بەرچاو، کەسایەتی دەریاسیش بە هەمان شێوە هەمان هەڵکەوتی یەکێ لە کەسایەتییەکانی کافکای هەیە. لەم ڕۆمانە بە زۆر شێوە و شێواز خەیاڵ بۆ جیهان و شێوازی کافکا دەچێ، وەك وەسفی شوێنە نادیارەکان، کەسایەتی و پەیوەندی و ناشتنی مردووەکان. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەکانی بەختیار عەلی، کێشەی ناوی کەسایەتی و پاڵەوانەکانیەتی، وەك بیلالی ئەشکزاد، سوبحدەم، ئەرشەد ساحێب، دەریاس و زۆری تر. ناو و ناوی شوێن و جوگرافیا، دیاری ناو دیاری شوێن، وەك رمزێکن بۆ ناسنامە یان دروستکردن و بنیاتنانی ناسنامەن، بوونی لێڵی و نادیاری لەم بارەیەوە، یان بوونی هەڵکەوتێکی خەیاڵی،[1] خۆ دوورخستنەوەیە لە واقیع و نەبوونی ڕوانینێکی واقیعییە بۆ ناسنامە، بۆ خود، یان مانەوەیە لە ناو خود و بنیاتنانی جیهانێکی خەیاڵییە، هەڵبەت ئەمەش دەشێ وەك بژاردەیەکی ئیدیالی بۆ واقیع سەیری بکرێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا وەك هیوایەك درێژە بە خۆی دەدا.

سەرئەنجام ئەو کێشەیەی ناوی کەسایەتییەکانی بەختیار عەلی دروستی دەکەن، دروستکردنی کەسایەتیی خەیاڵی و هەڵکەوتێکی فەنتاستیکی و تا ڕادەیەکیش ناوێزە و ئێگزۆتیکە، یان دروستکردنی هەڵکەوتێکی ڕۆمانتیکییە، لە بنیچنەدا بە مەبەستی دروستکردنی شتێك و بنیاتنانی جیهانێکی ئیدیالییە کە نووسەر تێیدا هەست بە خۆدۆزینەوەیەك دەکا، هەر ئەمەش وا دەکا چەند هەنگاوێك لە واقیعی هەقیقی ژیاری مرۆڤی کورد دوورکەوێتەوە، چونکە لەناو هەموو کولتوورێك ناو نوێنەرایەتی ناسنامەیەك، هەڵکەوتێکی کولتووری کۆمەڵایەتی دەکا، ناوی کەسایەتییەکانی بەختیار عەلی بۆ خۆدابڕاندن لەگەڵ واقیع هەڵبژێردراون، ڕەفزکردنەوەی ئەو واقیعەیە، بەڵام لە هەمان کاتیش دوورکەوتنەوەیە لەم واقیعە، ئەم خاڵەی دوایش هەڵکەوتێکی نێگەتیڤە، چونکە نووسەر وەك ئەوەی بیەوێ تەنیا چیرۆك بگێڕێتەوە نەك وێناکردنی جیهانێك کە پێویستی بە بیرکردنەوە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیە. بە گشتی ئەم هەڵکەوتەی ناولێنانەکانی بەختیار عەلی، لە لایەکەوە هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی خەیاڵێکی باڵا، بنیاتنانی جیهان و جوانییەك، لەولاشەوە هەڵکەوتێکی لاوازە، چونکە خوێنەر دەخاتە ناو چیرۆك و هەقایەت گێڕانەوە و شەیدابوون، نەك بیرکردنەوە. بە گشتی ناولێنانی کەسایەتی لەلای نووسەر

---

[1] Fictive.

زۆر مانای دی ڕەپێش دەخەن، دەشێ بە مەبەستی سەرسامکردنی خوێنەر ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ناوەکان کرابن، دەشێ بە مەبەستی ناچارکردنی خوێنەر بێ وەك نووسەر بیربکاتەوە یان وەك نووسەر دەیەوێ بیربکاتەوە و شتەکان ببینێ، لە کاتێکدا ئەم بینینە لەگەڵ واقیع لە دابڕاندایە و تێککردنەوە و لێکنزیکبوونەوەیەك نییە، بە گشتی ناولێنانەکان دەشێ هێشتا خوێندنەوەی تر هەڵبگرێ، بەڵام ئەوەی کە ڕوونە بۆ ئێمە، ئەم حاڵەتە، واتە ناولێنانەکان و نادیاری شوێن و پێکچوونی بیری کەسایەتییە جۆربەجۆرەکان بە نووسەر خۆی، هەموو ئەمانە لاوازین لە چنینی ڕۆمان و فەزا و خەیاڵ و ئەو ئایدیایانەی ناواخنی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەیخەنەڕوو.

**٥. ئەنجام**

ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویێکی دیاریکراوی هەیە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیەوە، تەواوی سەدەی بیستەم بە سەدەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی لە قەڵەم دەدرێت. کە باس لە گێڕانەوە دەکەین لە ئەدەبی کوردیدا، دەبێ باس لە گواستنەوە بکەین لە فۆرمی شیعرەوە بۆ فۆڕمی پەخشان، بەو مانایەی وەک تایبەتمەندییەکی ئەدەبی کوردی گێڕانەوە هەردەم لە ئەدەبی کوردیدا هەبووە، بەڵام ڕۆمان وەك فۆرمێکی نوێی ئەدەبی پەخشانیی بە کاریگەری ڕۆژئاوا و بە کاریگەری نوێبوونەوەکان بووە، یەکێ لە نیشانەکانی گۆڕان و نوێخوازی کوردییە لە ئەدەبی کوردی. ئەگەرچی ناتوانین لە مێژوودا ئەزموونیی ڕۆماننووسیی کوردی بە هی فرانسی بەراورد بکەین، بەڵام ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردی، ڕۆمانی زۆر دەنووسرێ، لە هەمان کات ڕۆمانی زۆرتریش دەخوێندرێـتەوە. ئەو ڕۆمانانەی لێرە باسیان لەسەر کرا لە زۆر لایەنەوە هاوبەشن، وەک: گێڕانەوەی رابردوو، کە هەندێ جار ئەم گێڕانەوەیە لە خودژیاننامە نزیك دەبێتەوە، زۆریی وەسف و کەمیی دیالۆگی ڕاستەوخۆ، هەندێك لەم رۆمانانە لەسەر ئایدیایەکی دیاریکراو داڕێژراوی پێشوەختە نین، بەڵکو ڕاستەوخۆ باس لە ڕووداوەکانی ژیانی ئەمڕۆ دەکەن، ئەمەش یەکێ لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم رۆمانانەن وەك وێناکردنی واقیعی ئەمڕۆ کە دەشێ نموونەیەك بن بۆ رۆمانی ریالیستی لە ئەدەبی کوردی، وەك لە ڕۆمانگەلی *سەردەمی گریانی بەلقیس*، *پاسەوانانی خوا* و *یاداشتی عەتر و ئاگردا* دەردەکەوێت، بەڵام ڕۆمانەکانی *میرنشینی خاك و خۆڵ* و *دەریاس ولاشەکان* لە ڕۆمانی خەیاڵی نزیك دەبنەوە، نووسەران چیرۆکێك لەسەر بنچینەی ئایدیایەك دەگێڕنەوە. لەوانەی پێشوو، شوێن و فەزا و ڕووداو و کەسایەتییەکان دیارن و لەم دوانەی دواتر، شوێن و فەزا و ڕووداو خەیاڵین.

## منابع

### کوردی:


ئیبراهیمی، مەزهەر. (۲۰۱۹). *زمانی کوردی، ئایدیۆلۆجی و پێڤاژۆی بەسووژەبوون: خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی و گابۆڕ بە گوێرەی تیۆری ڕەخنەیی لویی ئالتۆسێر*. نامەی ماستەری زانکۆی مارتین ئارتۆکلو.

چەمەن‌ئارا، بێهرووز. (۱۳۹۵). *شانامای کوردی*. بانە: مانگ.

حەوێزی، دەریا جەمال. (۲۰۱۹). *دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ریالیزمدا*. هەولێر. چاپخانەی رۆژهەڵات.

ڕەشید، سابیر. (۲۰۰۷). *ڕۆمانی کوردی*. هەولێر. ئاراس.

رەسول، حەمەد رەسول. (۲۰۱۳). *جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا*. سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

زادە، هاشم ئەحمەدزادە (۲۰۱۸). *گێڕانەوەناسی*. بانە: چاپەمەنی مانگ.

-*جیهانی ڕۆمان*. (۲۰۱۵). سلێمانی: ئەندێشە.

سەجادی، بەختیار. (۲۰۱۹) «گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی‌خوازی و دژەواقیعی‌خوازیدا». سیمیناری دیداری ئەدەبی. ۲۰۱۹/۱۲/۲۱ . هەولێر. /http://kurdishbookhouse.com/ku/100-196

سدیق، ئارام. (۲۰۱۵). *بەرەو ڕۆمانی کوردی*. سلێمانی: وەشانی یانەی قەڵەم.

سەلمان، بەیان. (۲۰۱۸). *یاداشتی عەتر و ئاگر*. سلێمانی: ئەندێشە.

عەلی، بەختیار. (۲۰۱۹). *دەریاس و لاشەکان*. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

عەلی، سروە تاهیرعەلی و ئاسۆس حەمە، ئەڤین. (۲۰۱۹). «شیعرییەتی ناو لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا-ی بەختیارعەلی‌دا». *گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان*، ژمارەی تایبەتی.

غەریب، جەبار جەمال. (۲۰۱۸). *سەردەمی گریانی بەلقیس*. سلێمانی: ئەندێشە.

گەردی، عەزیز. (۱۹۹۹). *کێشی شیعری کلاسیکی کوردی*. هەولێر: وەزارەتی رۆشنبیری.

گەرمیانی، عادڵ. (۲۰۱۹). «چەند سەرنجیك دەربارەی مێژووی ڕۆمان». *رامان*، ژمارە ۲۷۰.

گەرمیانی، عادڵ. (۲۰۱۹). *ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ۱۹۲۸-۱۹۹۶* . هەولێر.

گۆران، نەبەز. (۲۰۱۷). *میرنشینی خاك و خۆڵ*. سلێمانی: ئەندێشە.

محەمەد، عەتا. (۲۰۱۹). *پاسەوانانی خودا*. سلێمانی: ئەندێشە.

مستەفا، مستەفا سالح. (۲۰۱۷). *تەکنیکی گۆشەنیگا لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی‌دا*. هەولێر: بڵاوکراوەی یەکێتی نووسەرانی کورد.

مەنتك، حەمە. (٢٠١٧). *سیمیۆلۆژیای ناونیشان، ناونیشانی ڕۆمانی کوردی*. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

## فەرانسی:

Gardes Tamine, Joëlle et Hubert, Marie-Claude. (2004). *Dictionnaire de critique littéraire.* Armand Colin.

Genette, Gerard. (1969). *Figure I Essais*. Paris: Seuil.

Genette, Gerard. (1966). *Figure II Essais*. Paris: Seuil.

Louis Rey, Pierre. (1992*). Le roman*. Paris : Hachette Supérieur.

Mortier, Daniel. (2001). *Les grands genres littéraires*. Unichamp-Essentiel. Honoré Champion.

Nourissier, François. (1997). *Préface de. Dictionnaire des Genres et notions littéraires.* Paris : Albin Michel.

Roy, Alain. (1993). 'L'art du dépouillement', *lécriture de minimalisme.* Vix. V. 35. N. 3. (207).

Wellek, René et Austin Warren. (1971). *LA théorie littéraire*. Paris: Seuil.

Combe, Dominique. (1992). *Les genres Litteraires*. Hachette.

Le Robert. (1995*) Dictionnaire Le Nouveau Petit Robert*. Le Robert.